پزیشکی و ڕوقیەی شەرعی

منتدى إقرأ الُقافي

www.iqra.ahlamontada.com

دانانی

شیخ زیائودینی مەقدیسی

وەرگێڕانی

أبوبکر رسول محمد لۆتەری

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

بسم الله الرحمن الرحيم

پزیشکی و
ڕوقیەی شەرعی

ناوی کتێب: پزیشکی و ڕوقیەی شەرعی.
دانانی: شێخ زیائودینی مەقدیسی.
وەرگێڕانی: أبوبکر رسول محمد لۆتەری.
نۆرەو ساڵی چاپ: چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١.
ژمارەی سپاردن: (٥٥٥)ی ساڵی (٢٠٢٠) ی پێدراوە.

پزیشکی و ڕوقیەی شەرعی

{الأمراض والرقيات والكفارات والطب}

دانانی

شێخ زیائودینی مەقدیسی(٥٦٩ - ٦٤٣ك)

وەرگێڕانی

ئەبوبکر رسول محمد لۆتەری

پێشەکی وەرگێڕ:-

سوپاس بۆ خودا کە یارمەتی دام ئەم کتێبە{الأمراض والرقیات والکفارات والطب} لە عەرەبیەوە بکەمە کوردی، کە بەر لە هەشت سەدە لەلایەن زانای موحەدیس شێخ زیائودینی مەقدیسی- لە بواری حەدیس دانراوە.

شێخ زیائوددین ویستویەتی لە ڕێی ئەم کتێبەوە زانستیانە و بابەتیانە ئامانجی خۆی بپێکێ و هەموو ئەو حەدیسانەی دەربارەی ئەم بابەتەی لەبەر دەستدان بە سەنەدی خۆی لە شێخەکانی خۆیەوە و سەرچاوە سازگارەکانیانەوە بگوازێتەوە، پاشان وەک دانەی مرواری ملوانکەئاسا بیانهۆنێتەوە و لە دوو توێی کتێبێکدا کۆیان بکاتەوە.

لە سێ دەروازەی سەرەکیەوە دەچیە ناو کتێبەکەوە:

١- نەخۆشی و بەڵا گوناهسڕەوەکان.

٢- پزیشکی و دەرمانە چارەسازەکان.

٣- نزا و ڕوقیە شەرعیەکان.

لە میانەی ٦١ باسدا ٩٢ حەدیسی ڕیوایەت کردوون.

دەروازەی یەکەم (نەخۆشی و بەڵا گوناهسڕەوەکان): لێرەدا و لەمیانەی ١٢ باسدا ٢٧ حەدیسی هێناون و، دەربخستووە نەخۆشی و ناخۆشیەکان بۆ باوەڕدار خەڵاتی خودان و نیشانەن لە سەر خۆشەویستی خودا بۆ بەندەی خۆی و بەهۆی ئارامگرتن لەسەریان گوناهەکانی لێ هەڵدەوەرن و پلەوپایەی لە قیامەتدا بەرز دەبێتەوە.

دەروازەی دووەم (پزیشکی و دەرمانەچارەسازەکان): لێرەشدا لە میانەی ٤٥ باسدا ٥٦ حەدیسی- هێناون و، سەلماندوویەتی کە دەرد و دەرمان و نەخۆشی و چارەسەرەکان لە لایەن خوداوەن و، ئەو بە لوتف وکەرەمی خۆی هەچ دەردێکی بە خەڵات بۆ بەندەی خۆی ناردبێ، دەرمانێکیشی لەگەڵ ناردووە، ئیدی دوای ئەوە هاتووە هەموو ئەو حەدیسانەی هێناون کە باس لە ڕەوایەتی بەکارهێنانی داو و دەرمانەکان دەکەن و سود بە بابای نەخۆش دەگەیەنن، بەتایبەتیش ئەو دەرمانانەی لەسەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) هەبوون و ئێمڕۆش لەگەڵ پێشکەوتنی بواری کیمیایی و پزیشکی کاریگەرییان لەسەر دروستی دەر و دەروونی مرۆڤ هەیە .

دەروازەی سێیەم (نەزا و ڕوقیەشەرعیەکان): دانەر لەمیانەی ٦ باس و هێنانی ٩ حەدیس، دەریخستووە کە نەزا و ڕوقیەشەرعیەکان بە ئیزنی خودا کاریگەرییان لەسەر پاراستنی مرۆڤ و شیفای نەخۆشەکان و گێڕانەوەی دۆخی هاوسەنگ بۆ مرۆڤی نەخۆش هەیە.

کاری من لەم وەرگێڕانەدا:

١. پشتم بەو نوسخە بەستووە کە لە لایەن (شێخ ئیسحاق حووەینی) تەحقیق و تەخریجی بۆ کراوە و ساڵی١٤٣١ک-٢٠١٠ز بۆ یەکەم جار لە لایەن هەرتک دەزگای (دار ابن القیم و دار ابن عفان) چاپ و پەخش کراوە.

٢. دانانی دەق حەدیسەکان یەک لە دوای یەک بە زنجیرەی خۆیان ئەمجا دانانی دەق وەرگێڕانەکە بە دوایاندا .

٣. دیاری کردنی پلەی حەدیسەکان و حوکمدان لەسەریان بە تەخریجی (شێخ ئیسحاق حووەینی) بە کورتی لە دوو کەوانەدا:[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ].

٤. نووسینەوەی کورتەیەک لەسەر ژیاننامەی زانستیانەی دانەر لە سەرەتای کتێبەکە.

٥. وەرگێڕانی حەدیسەکان لە ژێر تیشکی شەرحەکانیان لە سەرچاوە سەرەکیەکانیان.

٦. وەرگێڕانەکە بە زمانێکی پاراو و سادە.

٧. نیشاندانی وەرگێڕانەکە بە پسپۆڕی زمانەوانی بەڕێز مامۆستا(ابراهیم ئاڵی بەردەشانی)و چاوپێداخشاندنەوە و ڕاست کردنەوەی هەڵەکانی لە لایەن جەنابیانەوە، سوپاسی دەکەم.

هیـوادارم، بەم کارەم خـزمەتێکم بە فەرهەنگـی ئیسـلام و زمـانی کـوردی کردبێـت و، بـۆم بـێ بە تۆیشـووی قیـامەت و ببێـتە مـایەی ڕەزامەنـدی پەروەردگارم و گەیاندنی سود بە خوێنەرانی خۆشەویست.

گوزەرێک بە ژیانی زانستیانەی دانەر:

ئەبوعەبـدوللاە، زیائـوددین: محمـد کـوڕی عەبدولواحیـد کـوڕی ئەحمەد کـوڕی عەبـدوڕەحمان کـوڕی ئیسـماعیل کـوڕی مەنصـوڕی سـەعدی مەقدیسی جەماعیلی صالیحی حەنبەلی.

سـالی ٥٦٩ ک لە دێـری مـوبارەکی چیـای قاسـیۆنی دیمەشـق لە نیـۆ خـانەوادەی دینـدار و زانسـتپەروەری بەناوبانگـی مەقدیسی ـ لەدایـک بووە.

شـێخ عەبدولواحیـدی باوکی حافزقوڕئـان و مـوحەدیس بـووە و، ڕێـی بەهەر شـارو ئـاواییەک کەوتـبێ بە هـۆی سـیمای دینـدارانەیەوە خەڵکی ئەوێ بۆ ئەنجامدانی جەماعەت پێش خۆیان خستووە.

خـاتو ڕوقـیەی دایکـی کە کچـی شـێخ ئەحمەدی کـوڕی قـودامەی مەقدیسی ـ وخوشـکی هەرتـک زانای بەناوبانـگ (موەفەقـودین و ئەبوعـومەر) بـوو، موحەدیسـە و صـالیحە و بەشـەرم و شـکۆ بـووە و، لەنێو خانەوادەکەیدا پایەدار و قسەڕۆیشتوو بووە.

(زیائـوددین) لە ژیـنگەی خێزانێکـدا پەروەردە بـوو کە خـۆی بـۆ خـزمەت کـردن و پەرەپێـدانی زانسـتەکانی شـەریعەت تەرخـان کردبـوو،

ئەم خێزانە لە حەوشەوحەساریکی شاری دیمەشقدا دەژیان بەناوی (دێری صالیحان) و دە هۆدە و هەیوانی بەسەرەوە بوون و هەریەکێکیان مالێکی تیدابوو و، زیاتر بە زانستگایەک دەچوو و، لەم سەر بۆ ئەو سەری جیهانی ئیسلامەوە فەقێ رِوویان تێ دەکرد و، لەبەر دەستی مامۆستا پیاو و ژنەکانی ئەم خانەوادەیە لەسەر چۆک دادەنیشتن و زانستەکانی شەریعەتیان لێ وەردەگرتن، (زیائوددین) لەم ژینگە زانستیەدا گەورە و پەروەردە بوو و، یەکەم کەس زانستی لێوە فێربوو رِوقیەخانی دایکی بوو و، لەسەر دەستی ئەو قورئانی دەرخ کرد و ئامادەی کۆرەکانی گێرانەوەی حەدیس بوو.

لە تەمەنی ٧ سالێ و لەسالێ (٥٧٦)ی کۆچیرا دەستی بە خوێندن کردووە:

لەشاری دیمەشق زانستی لای زۆرێک لە زانایان وەرگرتووە، وەک : ئەبولەعالی کوڕی صابیر و خزڕی کوڕی تاوس و فەزڵی کوڕی بانیاس و چەندین زانای دی، دوای ئەمە دەستی بە گەشتی زانستی کردووە و چۆتە چەندین شارو وڵاتی دی تا لەخزمەت زانایانی ئەو شوێنانە بخوێنێ.

چۆتە وڵاتی میصڕ و لە خزمەت ئەبولقاسمی بوصەیڕی و ئیسماعیلی کوڕی یاسین و چەندین زانای دی خوێندویەتی.

چـۆتە ئیسـفەهان وڵەخـزمەت ئەبـوجەعفەری صـەیدەلانی و قـاسمی کـوڕی ئەبومـوتەهیری صـەیدەلانی و عەفـیفەی فارفـانیەو چەنـدین زانای دی خوێندویەتی.

چـۆتە نەیسـابور و لە خـزمەت موئەییـدی تـوسی و زەیـنەبەی شەعرییەو چەند زانای دی خوێندویەتی.

چـۆتە هەڕات و لەلای ئەبـوڕەوح عەبـدولموعیززی کـوڕی محمـد و ژمارەیەک زانای دی خوێندویەتی.

چـۆتە مەڕوە و لە خـزمەت ئەبومـوزەففەری سـەمعانی و چەنـد زانایەکی دی خوێندویەتی.

چۆتە حەڵەب و لەخزمەت ئیفتیخاری هاشمی خوێندویەتی.

چـۆتە حەڕان و لەخـزمەت عەبـدولقاهیری ڕوهـاوی و چەنـد زانایەکی دی خوێندویەتی.

چۆتە موصڵ و لەخزمەت عەلی کوڕی هەبەل خوێندویەتی.

چـۆتە هەمەدان و چەنـد شـارێکی دی ڕۆژهەڵات و مـاوەی چەنـدین سـاڵ مـاوەتەوە و لەخـزمەت چەنـد زانایەکی گەورەی ئەو هەرێـمە خوێندویەتی.

هەروەهـا چـۆتە بەغـداد و لەخـزمەت چەنـد کەڵەزانایەکی وەک مـوبارەکی کـوڕی مەعتوشـە و ئەبـولفەرەجی کـوڕی جەوزی خوێندویەتی.

بەم چەشنە لەسەر دەستی ئەم زانایانە مۆڵەتی زانستی لە زانستەکانی شەریعەتدا بەتایبەتتر لە زانستەکانی حەدیس وەرگرتووە.

لە داڕاوە بەناوبانگەکانی:{فضائل الأعمال، الأحكام، الأحاديث المختارة، الموافقات، مناقب المحدثين، صفة الجنة، سيرة المقادسة، فضائل القرآن، ذكر الحوض، النهي عن سب الصحابة، سيرة الحافظ عبدالغني والشيخ الموفق، قتال الترک، فضل العلم، الأمراض والكفارات والطب والرقيات}.

ئیدی هەتا ئەو ڕۆژەی وەفاتی کرد، لەسەر زانست و وانە گوتنەوە و دانانی کتێب بەردەوام بوو و، لە دیمەشق بە هەوڵ و کۆشش و دەست و بازوی خۆی زانستگای (دار الحديث)ی بە تەنیشت مزگەوتی (ئەلموزەففەری) دروست کرد، کە دوایە بە (مەدرەسەی زیائییە) ناوبانگی دەرکرد.

خەڵکێکی زۆر زانستیان لە (شێخ زیائووددین) وەرگرتووە و حەدیسیان لێ ڕیوایەت کردووە، وەک:{ئیبن نوقتە، ئیبن نەجار، ئیبنولەجد، ئیبنولئەزهەری صەرفینی، زەکیودینی بەرزالی، مەجدودین ئیبنولحەلوانیە، شەرەفوددین ئیبنولنابولسی، فەخرەددین عەلی بنولبوخاری، زەینەبی کچی عەبدوڵڵای کوڕی ڕەزی و دەیانی دی}.

زۆر لە زانایان ستایشیان کردووە، بۆ نمونە:

(زەکیووددینی بەرزالی) دەڵێ: (شێخ زیائووددین) حافیز و باوەڕێکراو وکەڵەزانا و دیندارو خێرخواز بوو .

(ئیبنولـــوعیززز) دەڵـــێ: دوای (دارەقـــوتەنی) زانایەکی وەک (شـــیخ زیائوددین) نەهاتووە.

(ئیبنـــو بەدر) دەڵـــێ : (شـــیخ زیائـــوددین) زانایەکی هەڵکەوتـــو بـــوو و، لە دەرخکـــردنی حەدیـــس و ناســـینی پیـــاوانی زنجـــیرەی گێـــرانەوەی حەدیـــس و جیـــاکردنەوەی حەدیســـەکان و دابەشـــکردنیان بەســـەر ســـاغ و ناســـاغدا کارامە بـــوو، بە هەمـــوو تەمەنم چـــاوم بە زانایەک هەڵنەهـــاتووە وێـــنەی ئەو بێ.

(ئیبنولحاجـــب) دەڵـــێ: (شـــیخ زیائـــوددین) لە زانایی و متمانەپێکـــراوی و دینداریـــدا تاقـــانە بـــوو، زانایەکی ڕەببـــانی بـــوو و، زۆر لەوە گەورەتـــرە کەسێکی وەکومن قسەی لەسەر بکات.

(ئیبنونەجـــار) دەڵـــێ: (شـــیخ زیائـــوددین) حـــافیزو کارپوخـــت و ڕاســـتگۆ و جێمـــتمانە و پـــارێزکارو دنیانەویســـت و خوداپەرســـت بـــوو و، حەڵاڵخـــواز بـــوو و خـــۆی لە خـــواردنی گومـــاناوی دەبـــوارد، ئەمە وێـــڕای ئەوە کە موجاهیـــــدیش بـــــوو، بەدرێـــــژایی تەمەنی خـــــۆم لەکاروانی زانستخوازیدا زاتێکی ئاوا پاک و ڕەوشتبەرزم نەدیوە.

سەرچاوە:

١-کتاب الأمراض والکفارات والطب والرقیات...ل:٩-١٣.

٢-مالپەڕی(ویکیپیدیای عەرەبی).

پێشەکی دانەر

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

خودام بەسە بریکار و بەرگریکارم بێ

زانـای پێشـەوا زیـائوددین ئەبوعەبـدوڵڵا موحەممـەد کـوڕی عەبدولواحیـد کـوڕی ئەحمـەد کـوڕی عەبـدوڕەحمانی مەقدیسـی- گیانی پارێزراو و گۆڕی پڕ نور بێ- دەڵێ:

سـوپاس بـۆ خـودا، سوپاسـێك شایسـتەی نازونیعمەتـەکانی و هاوتـای چـاکە زیادەکـانی بـێ، صـەلات و سـەلامێکی زۆر بـۆ سـەر دواین پێغەمبـەر موحەممـەد(ﷺ)، ئـەمجا دەڵـێم: یـەك لـە برایـانم داوای لێ کردم کتێبێك دەربارەی بابەتی پزیشـکی بـە گـوێرەی ئـەو فەرمودە و کردارانەی لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) بـە ڕاستودروسـتی لـە کتێبە بەناوبانگەکان گێڕدراونەوە دابنێم، منیش داواکەیم جێبـەجێ کرد، پێم چاك بوو بە دانانی ئـەو حەدیسـانە دەسـت پـێ بکـەم کـە باسی نەخۆشیەکان دەکەن و چۆن کاریگەرییان لەسەر سڕینەوەی گوناهان و بەرزکردنەوەی پلەوپایەی خاوەنەکانیان هەیە.

دەروازەی یەکەم
(نەخۆشی و بەڵا گوناهسڕەوەکان)

خێر و بێر لەو شتەدایە خودا لە ڕۆژی بەرێوە لە چارەی بەندەی خۆی نووسیوە:

١ - أَخْبَرَنَا أَبُو الْمَجْدِ زَاهِرُ بْنُ أَحْمَدَ بْنِ حَامِدٍ الثَّقَفِيُّ -رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى- بِأَصْبَهَانَ، أَخْبَرَنَا أَبُو عَبْدِ اللَّهِ الْحُسَيْنُ بْنُ عَبْدِ الْمَلِكِ الْخَلَّالُ الأَدِيبُ قِرَاءَةً عَلَيْهِ أَخْبَرَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ مَنْصُورٍ سِبْطُ بَحْرُوَيْهِ أَخْبَرَنَا أَبُو بَكْرٍ مُحَمَّدُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ بْنِ عَلِيٍّ أَخْبَرَنَا أَبُو يَعْلَى الْمَوْصِلِيُّ حَدَّثَنَا هُدْبَةُ وَشَيْبَانُ قَالا حَدَّثَنَا سُلَيْمَانُ بْنُ الْمُغِيرَةِ عَنْ ثَابِتٍ عَنِ ابْنِ أَبِي لَيْلَى عَنْ صُهَيْبٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)قَالَ: (عَجَبًا لِأَمْرِ الْمُؤْمِنِ إِنَّ أَمْرَهُ كُلَّهُ لَهُ خَيْرٌ إِنْ أَصَابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ وَإِنْ أَصَابَتْهُ ضَرَّاءُ صَبَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ).

وَفِي حَدِيثِ شَيْبَانَ: (وَلَيْسَ ذَلِكَ إِلَّا لِلْمُؤْمِنِ).

هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ عَنْ هُدْبَةَ بْنِ خَالِدٍ وَشَيْبَانُ بْنُ فَرُّوخَ.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە (صوهەیب)ەوە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (بە کار و باری باوەڕدار سەرسامم، بێگومان هەرچی کار و باری هەیە بۆی بە خێر و بێر دەگەڕێن، ئەگەر خۆشیەکی پێ گەیشت، سوپاسی خودای لەسەر دەکات و سوپاس کردنەکەشی بۆی بە خێر دەگەڕێ و پاداشتی لە سەر وەردەگرێ، ئەگەر تووشی بەڵایەك بوو، ئارام دەگرێ و ئارام گرتنەکەشی بۆ بە خێر دەگەڕێ و پاداشتی بێ شوماری بۆ دەنوسرێ).

لە حەدیسی (شەیبان)دا هاتووە: (ئەم خەڵاتە تەنها بۆ باوەڕدارە).

٢ - أَخْبَرَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ أَحْمَدَ بْنِ أَبِي الْمَجْدِ رَحِمَهُ اللَّهُ قِرَاءَةً عَلَيْهِ قِيلَ لَهُ أَخْبَرَكُمْ أَبُو الْقَاسِمِ بْنُ الْحُصَيْنِ حَدَّثَنَا أَبُو عَلِيِّ بْنُ الْمُذْهِبِ أَخْبَرَنَا أبو بكر القطيعي ثنا عَبْدُ اللَّهِ حَدَّثَنِي أَبِي حَدَّثَنَا عَبْدُ الرَّزَّاقِ أَخْبَرَنَا مَعْمَرٌ عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ عَنِ الْعِيزَارِ بْنِ حُرَيْثٍ عَنْ عُمَرَ بْنِ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ عَنْ أَبِيهِ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ):(عَجِبْتُ لِلْمُؤْمِنِ إِنْ أَصَابَهُ خَيْرٌ حَمِدَ اللَّهَ وَشَكَرَ وَإِنْ أَصَابَتْهُ مُصِيبَةٌ حَمِدَ اللَّهَ وَصَبَرَ، فَالْمُؤْمِنُ يُؤْجَرُ فِي كُلِّ أَمْرِهِ حَتَّى يُؤْجَرُ فِي اللُّقْمَةِ يَرْفَعُهَا إِلَى فِي امْرَأَتِهِ).

كَذَا رَوَاهُ الإِمَامُ أَحْمَدُ بْنُ حَنْبَلٍ وَرَوَاهُ النَّسَائِيُّ أَيْضًا.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(٢) (سەعدی کوڕی ئەبو وەقاص) گوتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرموی: (بە مرۆڤی باوەڕدار سەرسام دەبم، کاتێك بە سەر خێر و خۆشیەکدا دەکەوێ، بە دڵ ستایشی خودا دەکات و بە کردار سوپاسگوزار دەبێ، کاتێك بە نەهامەتی و تاقیکردنەوەیەك گرفتار دەبێ، بە دڵ ستایشی خودا دەکات و بە کردار ئارامگر دەبێ، باوەڕدار لە بەرانبەر هەموو کارێکیدا پاداشت وەردەگرێ، تا بەو پاروە ڕادەگا کە بەرەو دەمی هاوسەرەکەی بەرز دەکاتەوە).

٣ - أَخْبَرَنَا الْمُؤَيِّدُ الطُّوسِيُّ رَحِمَهُ اللَّهُ أَخْبَرَنَا هِبَةُ اللَّهِ بْنُ سَهْلٍ أَخْبَرَنَا أَبُو عُثْمَانَ الْبَحِيرِيُّ أَخْبَرَنَا رَاشِدُ بْنُ أَحْمَدَ أَخْبَرَنَا إِبْرَاهِيمُ بْنُ عَبْدِ الصَّمَدِ أَخْبَرَنَا أَبُو مُصْعَبٍ أَنَّ مَالِكًا أَخْبَرَهُمْ عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي صَعْصَعَةَ أَنَّهُ قَالَ سَمِعْتُ أَبَا الْحُبَابِ سعيد بن يسار يَقُولُ سَمِعْتُ أَبَا هُرَيْرَةَ ، قَالَ: قَالَ رسول الله (ﷺ): **(مَنْ يُرِدِ اللَّهُ بِهِ خَيْرًا يُصِبْ مِنْهُ)**.

أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ يُوسُفَ عَنْ مَالِكٍ.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(٣) (ئەبوهوڕەیڕە) گوتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (ئەگەر خودا ویستی چاکەیەک لەگەڵ کەسێک بکات بە نەخۆشی یان ناخۆشییەکیەوە گرفتار دەکات و بە هۆیەوە گوناهی لێ دەسڕێتەوە و پلەی بەرز دەکاتەوە).

تونـدی بـەلا و تاقیکردنـەوە لەسـەر پێغەمبـەران و بۆخواصولحاوان:

٤ - أَخْبَرَنَا أَبُو طَاهِرٍ الْمُبَارَكُ بْنُ أَبِي الْمَعَالِي بْنِ الْمَعْطُوشِ رَحِمَهُ اللَّهُ بِقِرَاءَتِي عَلَيْهِ بِبَغْدَادَ وَقُلْتُ لَهُ أَخْبَرَكُمْ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مُحَمَّدٍ قِرَاءَةً عَلَيْهِ أَخْبَرَنَا أَبُو عَلِيٍّ الْحَسَنُ بْنُ أَبِي عَلِيٍّ أَخْبَرَنَا أَبُو بَكْرٍ أَحْمَدُ بْنُ جَعْفَرٍ حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ أَحْمَدَ حَدَّثَنِي أَبِي حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَرٍ حَدَّثَنَا شُعْبَةُ عَنْ سُلَيْمَانَ عَنْ أَبِي وَائِلٍ عَنْ مَسْرُوقٍ عَنْ عَائِشَةَ أَنَّهَا قَالَتْ: مَا رَأَيْتُ الْوَجَعَ عَلَى أَحَدٍ أَشَدَّ مِنْهُ عَلَى رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ).

صَحِيحٌ أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ عَنْ بِشْرِ بْنِ مُحَمَّدٍ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الْمُبَارَكِ وَرَوَاهُ غَيْرُ بِشْرِ بْنِ خَالِدٍ عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ جَعْفَرٍ كِلاهُمَا عَنْ شُعْبَةَ. [هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١)(خاتوعائیشە) گوتی: (نەمدیوە و نەمزانیوە ئازاری گیانکێشانی کەس بە قەد ئازاری گیانکێشانی پێغەمبەری خودا (ﷺ) توند بوو بێ).

٥ - أَخْبَرَنَا أَبُو أَحْمَدَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ أَحْمَدَ بْنِ الْمَجْدِ الْحَرْبِيُّ رَحِمَهُ اللَّهُ قِرَاءَةً عَلَيْهِ قِيلَ لَهُ أَخْبَرَكُمْ هِبَةُ اللَّهِ بْنُ مُحَمَّدٍ قِرَاءَةً عَلَيْهِ أَخْبَرَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَلِيٍّ أَخْبَرَنَا أَحْمَدُ بْنُ جَعْفَرِ بْنِ حَمْدَانَ حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ حَدَّثَنِي أَبِي حَدَّثَنَا وَكِيعٌ حَدَّثَنَا سُفْيَانُ عَنْ عَاصِمِ بْنِ أَبِي النَّجُودِ عَنْ مُصْعَبِ بْنِ سَعْدٍ عَنْ أَبِيهِ قَالَ: قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيُّ النَّاسِ أَشَدُّ بَلاءً؟ قَالَ: (**الأَنْبِيَاءُ ثُمَّ الصَّالِحُونَ ثُمَّ الأَمْثَلُ فَالأَمْثَلَ مِنَ النَّاسِ يُبْتَلَى الرَّجُلُ عَلَى حَسَبِ دِينِهِ فَإِنْ كَانَ فِي دِينِهِ صَلابَةٌ زِيدَ فِي بَلائِهِ وَإِنْ**

كَانَ فِي دِينِهِ رِقَّةٌ خُفِّفَ عَنْهُ فَلا يَزَالُ الْبَلاءُ بِالْعَبْدِ حَتَّى يَمْشِيَ عَلَى الأَرْضِ لَيْسَ عَلَيْهِ خَطِيئَةٌ).

وَرَوَاهُ شُعْبَةُ بْنُ الْحَجَّاجِ وَحَمَّادٌ عَنْ عَاصِمٍ، أَخْرَجَهُ التِّرْمِذِيُّ بنحو عَنْ قُتَيْبَةَ عَنْ حَمَّادٍ وَقَالَ حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(٢) (سەعد) دەڵێ: گوتم ئەی پێغەمبەری خودا! لە نێو خەڵکدا کێ لە هەموو کەس بەربەڵاتر و گرفتار بوونی تونـد تـرە؟ فـەرمووی: (پێغەمبەران، ئەمجا چاکان و دۆستانی خودا، ئەمجا باشترین لە دوای باشترینی خەڵك بەرەو خوار، مرۆڤ بە گوێرەی دینداریەکەی تاقی دەکرێتەوە، ئەگەر دینداریەکەی پتەو بێ بە خاتری ئەوە پاداشتی زۆرتری دەست بکەوێ تاقیکردنەوەی لە سەر زیاد دەکرێ ، ئەگەر دینداریەکەی لاواز بوو بە خاتری نەبادا خۆی تێدا ڕانەگرێ تاقیکردنەوەی لە سەر سوك دەکرێ، بەم جۆرە بەردەوام بەندەی دیندار بە نەخۆشی و ناخۆشی تاقی دەکرێتەوە تا ئەو سنوورەی هەر لە ژیاندایە و بە سەر زەویدا دەڕوا هیچ گوناهێکی پێوە نامێنێ).

٦ - أَخْبَرَنَا أَبُو جَعْفَرٍ مُحَمَّدُ بْنُ أَحْمَدَ بْنِ نَصْرِ بْنِ أَبِي الْفَتْحِ سِبْطُ حُسَيْنِ بْنِ عَبْدِ الْمَلِكِ بن مسندة -رَحِمَهُ اللَّهُ تَعَالَى- أَخْبَرَنَا الْحَسَنُ بْنُ أَحْمَدَ الْحَدَّادُ وَأَنَا حَاضِرٌ أَخْبَرَنَا أَبُو نُعَيْمٍ أَحْمَدُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ الْحَافِظُ حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ أَحْمَدَ بْنِ حَمْدَانَ حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ سُفْيَانَ حَدَّثَنَا أَحْمَدُ بْنُ عِيسَى- الْمِصْرِيُّ حَدَّثَنَا ابْنُ وَهْبٍ أَخْبَرَنِي هِشَامُ بْنُ سَعْدٍ عَنْ زَيْدِ بْنِ أَسْلَمَ عَنْ عَطَاءِ بْنِ يَسَارٍ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ: أَنَّهُ دَخَلَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ(ﷺ) وَهُوَ مَوْعُوكٌ، فَقُلْتُ: مَنْ أَشَدُّ النَّاسِ بَلاءً؟ قَالَ: (**الأَنْبِيَاءُ ثُمَّ الصَّالِحُونَ، لَقَدْ كَانَ أَحَدُهُمْ يُبْتَلَى بِالْقُمَّلِ حَتَّى يَقْتُلَهُ، وَلأَحَدُهُمْ كَانَ أَشَدَّ فَرَحًا بِالْبَلاءِ، مِنْ أَحَدِكُمْ بِالْعَطَاءِ**). هَذَا عَلَى شَرْطِ مُسْلِمٍ.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(٣) **لە (ئەبوسەعید)ەوە: لەو حاڵەدا پێغەمبەری خودا(ﷺ) نەخۆش و تادار دەبێ، ئەو سەردانی دەکات، دەڵێ: گوتم تاقیکردنەوەی کێ لە هی هەموو خەڵك گرانترە؟ فەرمووی: (پێغەمبەران، ئەمجا صاڵحان، بە خودا هی وایان هەبوو بە کێچ و مۆریانەوە گرفتار دەبوو تا کار بەوە دەگەیشت هێندەیان خوێن لێ دەمژی دەیان کوشت یان نیوەمردوویان دەکرد، بە بەراورد بە یەکێکتان چەند بەوە دڵخۆش دەبێ کە خەڵات دەکرێ ئەوا هەریەکێکیان بەو تاقیکردنەوە و گرفتاربوونە زۆر دڵخۆشتر دەبوو).**

٧ - أَخْبَرَنَا أَبُو عَبْدِ اللَّهِ مُحَمَّدُ بْنُ حَمْزَةَ رَحِمَهُ اللَّهُ أَخْبَرَنَا مُحَمَّدٌ رَحِمَهُ اللَّهُ أَخْبَرَنَا أَبُو الْحَسَنِ عَلِيُّ بْنُ الْحَسَنِ الْمَوَازِينِيُّ أَخْبَرَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ السَّلامِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ الشَّاهِدُ بِدِمَشْقَ أَخْبَرَنَا أَبُو بَكْرٍ مُحَمَّدُ بْنُ سُلَيْمَانَ بْنِ يُوسُفَ بْنِ حَاجِبِ بْنِ .. .. الْفَرْغَانِيُّ حَدَّثَنَا مُحَمَّدُ بْنُ إِسْمَاعِيلَ الأَعْشَى حَدَّثَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ حَدَّثَنَا هِشَامُ بْنُ سَعْدٍ عَنْ زَيْدِ بْنِ أَسْلَمَ عَنْ عَطَاءِ بْنِ يَسَارٍ عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ قَالَ: وَضَعْتُ يَدِي عَلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَوَجَدْتُ الْحُمَّى عَلَيْهِ شَدِيدَةً مِنْ فَوْقِ الثَّوْبِ، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّهَا عَلَيْكَ لَشَدِيدَةٌ! فَقَالَ: (**إِنَّا كَذَلِكَ مَعَاشِرَ الأَنْبِيَاءِ يُضَاعَفُ عَلَيْنَا الْبَلاءُ كَمَا يُضَاعَفُ الأَجْرُ**) قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيُّ النَّاسِ أَشَدُّ بَلاءً؟ قَالَ: (**الأَنْبِيَاءُ**) قُلْتُ: ثُمَّ مَنْ؟ قَالَ: (**ثُمَّ الصَّالِحُونَ وَإِنْ كَانَ أَحَدُهُمْ لَيُبْتَلَى حَتَّى مَا يَجِدُ إِلَّا الْعَبَاءَةَ يَجُوبُهَا وَإِنْ كَانَ أَحَدُهُمْ لَيُبْتَلَى بِالْقُمَّلِ وَإِنْ كَانَ أَحَدُهُمْ لَيَفْرَحُ بِالْبَلاءِ يُصِيبُهُ كَمَا يَفْرَحُ أَحَدُكُمْ بِالْغَائِبِ أَوْ بِالرَّخَاءِ**).

رَوَاهُ ابْنُ مَاجَهْ بِنَحْوِهِ مِنْ حَدِيثِ هِشَامٍ.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(٤) لە (ئەبوسەعیدی خودری)یەوە، پێغەمبەر (ﷺ) نەخۆش کەوتبوو، چوومە خزمەتی و لە سەر پۆشاکیەوە دەستم لەسەر جەستەی پیرۆزی دانا، هەستم کرد تایەکەی زۆر بەرزە، گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! نەخۆشیەکەت زۆری تین بۆ هێناوی و تایەکەت بەرزە! فەرمووی: (**ئێمەی کۆمەڵی پێغەمبەران، چۆن بە بەراورد بە خەڵك پاداشتمان چەند هێندەیە، ئاواش تاقیکردنەوەی سەرمان چەند هێندەیە**)، گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! لە نێو خەڵکدا کێ تاقیکردنەوە و گرفتاربوونی لە هی هەموو

کەس تونـدتره؟ فـەرمووی: (پێغەمبـەران)، گـوتم: پاشـان کـێ؟ فـەرمووی: (بۆخوداصـولّحاوان، هـەیان بـوو بـە جۆرێـك تـاقی دەکرایـەوە تـا هێنـد هـەژار و ڕوت و ڕەجـاڵ دەبـوو جگـە لـە پارچـە پەڕۆیـەك هیچـی شـك نـەدەبرد بیپۆشـێ، ئـەم پارچـە پەڕۆیەی لە نێوەڕاستڕا کون دەکرد و بەم چەشـنە سـەری تـێ هەڵدەکێشا و لە ملی قایم دەکرد و بە خۆیدا شۆڕ دەکردەوە، هـەیان بـوو بـە کـێچ و مۆریانـەوە گرفتـار دەبـوو و خوێنیـان دەمـژی، هـەر یـەکێکتان بـە گەڕانـەوەی خۆشەویسـتێکی لـە سـەفەرێکی دوور یـان بـە کـەوتنی بـە سـەر ژیـانێکی خۆشـدا چـەند دڵخـۆش دەبـێ ئـەوا هەریـەکێکان هێنـدە بـەو تاقیکردنەوەی بەرۆکی گرتبوو دڵخۆش دەبوو).

٨ - أَخْبَرَنَا أَبُو عَبْدِ اللَّهِ مُحَمَّدُ بْنُ مَعْمَرِ بْنِ الْفَاخِرِ الْقُرَشِيُّ رَحِمَهُ اللَّهُ أَخْبَرَنَا أَبُو الْفَرَجِ سَعْدُ بْنُ أَبِي الرَّجَاءِ الصَّيْرَفِيُّ قِرَاءَةً عَلَيْهِ أَخْبَرَنَا عَبْدُ الْوَاحِدِ بْنُ أَحْمَدَ أَخْبَرَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ يَعْقُوبَ بْنِ إِسْحَاقَ أَخْبَرَنَا جَدِّي إِسْحَاقُ بْنُ إِبْرَاهِيمَ بْنِ جَمِيلٍ أَخْبَرَنَا أَحْمَدُ بْنُ مَنِيعٍ حَدَّثَنَا عُبَيْدَةُ بْنُ حُمَيْدٍ عَنِ الأَعْمَشِ عَنْ إِبْرَاهِيمَ التَّيْمِيِّ عَنِ الْحَارِثِ بْنِ سُوَيْدٍ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ -ابنِ مَسْعُودٍ - قَالَ: دَخَلْتُ عَلَى النَّبِيِّ (ﷺ) وَهُوَ يُوعَكُ وَعْكًا شَدِيدًا! قَالَ: (**إِنِّي أُوعَكُ وَعْكَ رَجُلَيْنِ مِنْكُمْ**) قُلْتُ: ذَاكَ بِأَنَّ لَكَ أَجْرَيْنِ.

أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ وَمُسْلِمٌ بِمَعْنَاهُ مِنْ حَدِيثِ سُلَيْمَانَ بْنِ مِهْرَانَ الأَعْمَشِ.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(٥) لە (عەبدوللای کوڕی مەسعود)ەوە، گوتی: سەردانی پێغەمبەر (ﷺ)م کرد، تەشریفی زۆر نەخۆش بوو و گەرم داهاتبوو و تا لە دوا تای دەهاتنێ، فەرمووی: (من به قەد دوو پیاوتان تام دامدەگرێ)، گوتم: ئەوە بۆیە دوو پاداشتت بۆ دەنوسرێ!.

٩ - أَخْبَرَنَا أَبُو الْفَرَجِ يَحْيَى بْنُ مَحْمُودِ بْنِ سَعْدٍ الثَّقَفِيُّ رَحِمَهُ اللَّهُ أَخْبَرَنَا أَبُو عَلِيٍّ الْحَدَّادُ أَخْبَرَنَا أَبُو نُعَيْمٍ أَحْمَدُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ جَعْفَرٍ حَدَّثَنَا أَبُو مَسْعُودٍ قَالَ أَخْبَرَنَا أَبُو عَامِرٍ الْعَقَدِيُّ حَدَّثَنَا شُعْبَةُ عَنْ حُصَيْنِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ قَالَ سَمِعْتُ أَبَا عبد الله بْنَ حُذَيْفَةَ يُحَدِّثُ عَنْ عَمَّتِهِ فَاطِمَةَ قَالَتْ: عُدْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) فِي نِسْوَةٍ فَإِذَا سِقَاءٌ مُعَلَّقٌ وَمَاءٌ يَقْطُرُ عَلَيْهِ مِنْ شِدَّةِ مَا يَجِدُ مِنَ الْحُمَّى، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ لَوْ دَعَوْتَ اللَّهَ فَأَذْهَبَ عَنْكَ هَذَا! قَالَ: (أَشَدُّ النَّاسِ بَلاءً الأَنْبِيَاءُ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ).

رَوَاهُ الإِمَامُ أَحْمَدُ فِي الْمُسْنَدِ عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ جَعْفَرٍ عَنْ شُعْبَةَ.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(٦) لە (فاتیمە)وە گوتی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) نەخۆش کەوتبوو، بەم بۆنەوە لەگەڵ چەند ژنێك سەردانم کرد، کوندەئاوێك لە پاست سەریەوە هەڵواسرابوو و بە خاتری دابەزاندنی ئەو تایەی لێی بوو دڵۆپەئاوی بە سەردا دەهاتنە خوارێ، گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! خۆزگە لە خودا دەپارایەوە تا ئەو ئازار و تایەت لە سەر لابەرێ! فەرمووی: (بەربەڵاترین خەڵك چینی پێغەمبەرانن، ئەمجا ئەوانەی لە ئەوانەوە نزیکن، ئەمجا ئەوانەی لە ئەمانەوە نزیکن).

تاقیکرانەوەی ئەیوب:

١٠ - أَخْبَرَنَا أَبُو جَعْفَرٍ مُحَمَّدُ بْنُ أَحْمَدَ الصَّيْدَلانِيُّ أَخْبَرَنَا أَبُو عَلِيٍّ الْحَسَنُ بْنُ أَحْمَدَ الْحَدَّادُ قَالَ حَدَّثَنَا الْحَافِظُ أَبُو نُعَيْمٍ أَحْمَدُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ أَخْبَرَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ جَعْفَرٍ أَخْبَرَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ سَمُّوَيْهِ حَدَّثَنَا سَعِيدُ بْنُ الْحَكَمِ بْنِ أَبِي مَرْيَمَ أَخْبَرَنَا نَافِعُ بْنُ يَزِيدَ أَخْبَرَنَا عُقَيْلُ بْنُ خَالِدٍ عَنِ ابْنِ شِهَابٍ عَنْ أَنَسٍ: أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قَالَ: (إِنَّ نَبِيَّ اللَّهِ أيوب - عَلَيْهِ السَّلامُ - لَبِثَ بِهِ بَلاؤُهُ ثَمَانِيَةَ عَشَرَ سَنَةً وَشَهْرًا فَرَفَضَهُ الْقَرِيبُ وَالْبَعِيدُ إِلَّا رَجُلَيْنِ مِنْ إِخْوَانِهِ كَانَا مِنْ أَخَصِّ إِخْوَانِهِ فَكَانَا يَغْدُوَانِ إِلَيْهِ وَيَرُوحَانِ فَقَالَ أَحَدُهُمَا لِصَاحِبِهِ ذَاتَ يَوْمٍ: تَعْلَمُ وَاللَّهِ أَنَّ أَيُّوبَ قَدْ أَذْنَبَ ذَنْبًا مَا أَذْنَبَهُ أَحَدٌ مِنَ الْعَالَمِينَ فَقَالَ لَهُ صَاحِبُهُ مَا ذَاكَ قَالَ مُنْذُ ثَمَانِيَةَ عَشَرَ عَامًا لَمْ يَرْحَمْهُ اللَّهُ فَيَكْشِفُ مَا بِهِ. فَلَمَّا رَاحَا إِلَى أَيُّوبَ لَمْ يَصْبِرِ الرَّجُلُ حَتَّى ذَكَرَ ذَلِكَ لَهُ فَقَالَ أَيُّوبُ عَلَيْهِ السَّلامُ: مَا أَدْرِي مَا تَقُولانِ غَيْرَ أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ أَنِّي كُنْتُ أَمُرُّ بِالرَّجُلَيْنِ يَتَنَازَعَانِ فَيَذْكُرَانِ اللَّهَ فَأَرْجِعُ إِلَى بَيْتِي فَأُكَفِّرُ عَنْهُمَا كَرَاهِيَةَ أَنْ يُذْكَرَ اللَّهُ إِلَّا فِي خَيْرٍ. وَكَانَ يَخْرُجُ لِحَاجَتِهِ فَإِذَا قَضَى حَاجَتَهُ أَمْسَكَتِ امْرَأَتُهُ بِيَدِهِ حَتَّى يَبْلُغَ فَلَمَّا كَانَ ذَاتَ يَوْمٍ أَبْطَأَتْ عَلَيْهِ فَأَوْحَى اللَّهُ إِلَى أَيُّوبَ فِي مَكَانِهِ: ﴿ارْكُضْ بِرِجْلِكَ هَذَا مُغْتَسَلٌ بَارِدٌ وَشَرَابٌ﴾ (ص:٤٢)،فَاسْتَبْطَأَتْهُ فَتَلَقَّتْهُ تَنْظُرُ وَأَقْبَلَ عَلَيْهَا قَدْ أَذْهَبَ اللَّهُ تَعَالَى مَا بِهِ مِنَ الْبَلاءِ وَهُوَ أَحْسَنُ مَا كَانَ فَلَمَّا رَأَتْهُ قَالَتْ أَيْ بَارَكَ اللَّهُ فِيكَ هَلْ رَأَيْتَ نَبِيَّ اللَّهِ عَلَيْهِ السَّلامُ هَذَا الْمُبْتَلَى فَوَاللَّهِ عَلَى ذَلِكَ مَا رَأَيْتُ أَشْبَهَ بِهِ مِنْكَ إِذْ كَانَ صَحِيحًا قَالَ فَإِنِّي أَنَا هُوَ. وَكَانَ لَهُ أَنْدَرَانِ أَنْدَرٌ لِلْقَمْحِ وَأَنْدَرٌ لِلشَّعِيرِ فَبَعَثَ اللَّهُ سَحَابَتَيْنِ فَلَمَّا كَانَتْ إِحْدَاهُمَا عَلَى أَنْدَرِ الْقَمْحِ أَفْرَغَتْ فِيهِ الذَّهَبَ حَتَّى فَاضَ وَأَفْرَغَتِ الأُخْرَى فِي أَنْدَرِ الشَّعِيرِ الْوَرِقَ حَتَّى فَاضَ).

هَذَا حَدِيثٌ غَرِيبٌ مَلِيحٌ وَرِجَالُ إِسْنَادِهِ ثِقَاتٌ، وَرَوَاهُ الإِمَامُ مُحَمَّدُ بْنُ يَحْيَى الذُّهْلِيُّ عَنْ سَعِيدِ بْنِ الْحَكَمِ وَقَالَ ثَمَانِيَةَ عَشَرَ سَنَةً فِي الْمَوْضِعَيْنِ بِغَيْرِ شَكٍّ.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە (ئەنەس)ەوە: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموی: (پێغەمبەری خودا ئەیوب-سەلامی خوای لە سەر بێ- بە لێوەرگرتنەوەی تەندروستی و منداڵ و سامان- تاقی کرایەوە، ماوەی هەژدە ساڵ و مانگێکی تەواوی لە سەر خایاند، خەڵکانی نزیک و دوور پشتیان تێ کرد و لە دەوروبەری تەکینەوە، جگە لە دوو برای کە تایبەتترین براو هاوڕێی گیانی بە گیانی بوون، ئەوان تاقی بەیانی و تاقی ئێوارێ سەردانیان دەکرد، ڕۆژێک یەکیان بە هاوڕێکەی گوت: بە خوا لەمەودوا دەزانی ئەیوب چ گوناهێکی وای کردووە کە تا ئێستا کەس لە خەڵکی دنیا نەی کردبێ! وەڵامی دایەوە و گوتی: ئەو گوناهە چیە؟! گوتی: بەو نیشانەی ماوەی هەژدە ساڵە خودا ئاوڕێکی بە خێری لێ نەداوەتەوە و بە بەزەیی خۆی ئەو بەڵایەی لە سەر لانەبردووە!، کە چوونە لای، کابرا خۆی پێ نەگیرا و قسەی هاوڕێکەی بۆ گێڕایەوە، ئەیوب سەلامی خوای لە سەر بێ فەرموی: نازانم ئێوە چ دەڵێن و هیچ گوناهی وا بە خۆمەوە

شك نابەم جگە لەوە كە خوا دەزانێ كاتی خۆی هەر جارێك بە پەنا دوو پیاودا تێ دەپەڕیم كە كێشمەكێش و مشتومڕیان بوو، هەر یەك لە لای خۆیەوە خودای دەكرد بە وەكیل و سوێندی دەخوارد كە هەق بە ئەوە، یەكسەر دەچوومەوە ماڵێ و لە ترسی ئەوە نەبادا ناوی خودا بە ناهەق هێنرابێ و سوێندی پێ خورا بێ كەفارەتی سوێندەكەیانم بۆ دەدان. ئەیوب كە كاری دەست بە ئاو گەیاندنی دەبوو لە ماڵێ دەردەچوو، بۆ ئەمە هاوسەرەكەی دەستی دەگرت و كەتەواو دەبوو دەچوو دەیهێنایەوە، ئەزقەزا ڕۆژێك بە درەنگەوە دەچێ بیهێنێتەوە، خودا لەو شوێنە، سروش بۆ ئەیوب دەكات و پێی دەفەرموێ:(قاچت لە زەوی بكوتە،- كە فەرمانەكەی جێبەجێ كرد یەكسەر ئاو هەڵقوڵا و كانیەك دروست بوو و پێمان فەرمو: ئەی ئەیوب- ئەم كانیە سارد و سازگارە و ماڵی خۆشۆردن و خواردنەوەیە و شیفایە)، ئیدی هاوسەرەكەی بە درەنگەوە بۆ لای چوو، كە گەیشتە لای و سرنجی دا ئەیوب دیار نیە، ئەیوبیش -كە خودای تەعالا دەرد و بەڵایەكەی لە سەر لابردبوو و لە جارانی پێش موبتەلا بوونی جوانتر كردبۆوە- بە پیریەوە چوو، كە ئەمی بینی، گوتی: دەك خێر و بەرەكەتی خوات لە سەر بێ، پێغەمبەرە موبتەلاكە سەلامی

خوای لە سەر بێ لێرە بوو، تۆ نەت دیوە؟! بە خوا بەر لە نەخۆش بوونی ڕێك بە تۆ دەچوو و بە ژیانی خۆم کەسم نەدیوە بە قەد ئەو شێوەی لە تۆ بکات، فەرموی: دڵنیابە من ئەوم و خوا شیفای دام و گەنجی کردمەوە، ئەیوب کاتی خۆی دوو عەمباری گەورەی هەبوون، عەنبارێك بۆ هەڵگرتنی گەنم ئەوی دیش بۆ هەڵگرتنی جۆ، ئیدی خودا دوو پەڵەهەوری ناردن، یەکیان لە سەر عەنبارە گەنمەکە ئاڵتونی هەڵڕشت تا پڕی کرد و لە سەری ڕژایەوە، ئەوی دیش هاتە سەر عەنبارە جۆیەکە و زیوی هەڵڕشت تا پڕی کرد و لە سەری ڕژایەوە).

خۆشەویستی خودا بۆ کەسێك لە بەندە موسوڵمانە چاکەکانی کاتێك تاقی دەکرێتەوە:

١١ - أخْبَروا عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قال: (إذَا أَحَبَّ اللهُ تَعالى قَوْمًا ابْتَلاهُمْ، فَمَنْ صَبَرَ فَلَهُ الصَّبْرُ، وَمَنْ حَرَجَ فَلَهُ الحَرَجُ).

أخرجه الإمام أحمد في مسنده عن سليمان بن داود عن إسماعيل بن جعفر. [هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١)لە پێغەمبەریانەوە (ﷺ) گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی: (هەرکاتێك خودای تەعالا گەلێکی خۆش ویست بە نەخۆشی و ناخۆشی تاقییان دەکاتەوە، جا هەر کەسێك ئارامی لەسەر بگرێ لە بەرانبەردا پاداشتی ئارامگرتنی پێ دەدرێ، هەرکەسێك پێی سەغڵەت بێ و دادوفوغان بکات لە بەرانبەردا سزای سەغڵەت بوون و هاتوهاوارەکەی وەردەگرێ).

هەر شتێك لە ئێش و ئازار و هاوشێوەی بە بڕوادار بگات، ئەوا خودای بەرز و مەزن بە هۆیەوە لە گوناهەکانی دەسڕێتەوە:

١٢ - عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: قَالَ نَبِيُّ اللهِ (ﷺ): (مَا مِنْ مَرَضٍ أَوْ وَجَعٍ يُصِيبُ الْمُؤْمِنَ إِلَّا كَانَ كَفَّارَةً لِذُنُوبِهِ، حَتَّى الشَّوْكَةِ).
[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە (خاتوعائیشە)وە گوتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: **(هەر نەخۆشی یان ئێش و ئازارێك ڕوو لە باوەڕدار بکات دەبێتە مایەی سڕینەوەی کوناهەکانی، تا بەو چقڵە ڕادەگا کە لە دەست و پێی هەڵدەچەقێ).**

١٣ - و رُوِيَ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ):(مَا مِنْ مُسْلِمٍ يُصِيبُهُ أَذًى مِنْ مَرَضٍ فَمَا فَوْقَهُ إِلَّا حَطَّ اللهُ خَطَايَاهُ كَمَا تَحُطُّ الشَّجَرَةُ وَرَقَهَا).
أخرجاه في الصحيحين من حديث الأعمش.
[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(٢) لە پێغەمبەر (ﷺ)ەوە گێڕدراوەتەوە:**(هەر موسڵمانێك بە هۆی نەخۆشی و سەروتر لە نەخۆشی ئێش و ژوارێکی پێ بگا ئەوا چۆن درەخت بە بای خەزان گەڵایەکانی دەوەرن خودا بە هۆی ئەمەوە گوناهەکانی لێ دەوەرێنێ).**

ئەو نەخۆشی و ناخۆشیانەی تووشی بڕوادار دەبن، خودا بە هۆیانەوە پلەوپایەی بەرز دەکاتەوە:

١٤ - رُوِيَ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أنه قال: (مَا مِنْ مُسْلِمٍ يُشَاكُ بِشَوْكَةٍ فَمَا فَوْقَهَا، إِلَّا رَفَعَهُ اللَّهُ بِهَا دَرَجَةً، وَحَطَّ عَنْهُ بِهَا خَطِيئَةً).

صحيح أخرجه مسلم من حديث سليمان بن مهران معناه.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە پێغەمبەر (ﷺ)ەوە گێڕدراوەتەوە: (هەر موسڵمانێك چقڵێك و بەهێزتر لەوەی پێدا هەڵچەقێ، خودا بە هۆیەوە پلەیەکی بەرز دەکاتەوە و گوناهێکی لێ دەسڕێتەوە).

نەخۆشی و تا دەبنە مایەی پاککردنەوە لە گوناهان:

١٥ - رُوِيَ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) إن الْحُمَّى اسْتَأْذَنَتْ، فقَالَ: (مَنْ أَنْتِ؟)، قَالَتْ: أَنَا أُمُّ مِلْدَمٍ، قَالَ: (أَتَتَّهِدِينَ إِلَى أَهْلِ قُبَاءَ؟)، قَالَتْ: نَعَمْ، قَالَ: فَأَتَتْهُمْ فَحُمُّوا، وَلَقُوا مِنْهَا شِدَّةً فَاشْتَكَوا إِلَيْهِ، وَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَا لَقِينَا مِنَ الْحُمَّى!، قَالَ: (إِنْ شِئْتُمْ دَعَوْتُ اللَّهَ فَكَشَفَهَا عَنْكُمْ، وَإِنْ شِئْتُمْ كَانَتْ طَهُورًا)، قَالُوا: بَلْ تَكُونُ لَنَا طَهُورًا.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) گێڕدراوەتەوە: نۆبەتێ(تا) ئیزنی خواست بێتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ)، فەرمووی: (تۆ کێی؟) گوتی: من ماکی نەخۆشیەکانم، فەرموی: (فەرمانت پێ کراوە بۆ سەر دانیشتوانی قوبا هەڵکەی؟) گوتی: بەڵێ. ڕاوی گوتی: جا چوو و لە نێویاندا بڵاو بۆوە و بە گشتی تووشی نۆبەتێ بوون و، ئێش و ئازار و ناڕەحەتیەکی تۆندیان لێوە پێ گەیشت، تا کار بەوە گەیشت سکالای خۆیان گەیاندە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! تەماشاکە بە دەست ئەم تایەوە چمان بە سەر هاتووە!، فەرمووی: (ئەگەر حەز دەکەن داوا لە خودا دەکەم و لەسەرتان لادەبا و شیفاتان دەدات، ئەگەر حەزیش دەکەن با ببێتە هۆکاری خاوێن بوونەوەتان لە گوناهان)، گوتیان: با ببێتە مایەی پاکبوونەوەمان.

١٦- و عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قال: (مَا مِنْ مُسْلِمٍ يُصْرَعُ صَرْعَةً مِنْ مَرَضٍ إِلَّا بُعِثَ مِنْهَا طَاهِرًا).
لا أعلم فيهم جرحا.
[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(٢) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ): (هەر موسڵمانێك بە هۆی نەخۆشیەکەوە فێ بگرێ و ببوورێتەوە، کاتی چاك بوونەوە و بەهۆش هاتنەوەی لە گوناهان پاك دەبێتەوە).

وێنەی باوەڕدار و وێنەی دووڕوو:

١٧ - رُوِيَ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) أَنَّهُ قال: (مَثَلُ الْمُؤْمِنِ مَثَلُ الزَّرْعِ، لَا تَزَالُ الرِّيحُ تُمِيلُهُ، وَلَا يَزَالُ الْمُؤْمِنُ يُصِيبُهُ بَلَاءٌ، وَمَثَلُ الْكَافِرِ مَثَلُ شَجَرَةِ الْأَرْزِ لَا تَهْتَزُّ حَتَّى تُسْتَحْصَدَ).[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ)فەرمووی: (بڕوادار وەك قەرسیلی گەنم و جۆیە، قەرسیل بەردەوام با لێی دەدا و بە ئەم لاو ئەو لای دا دەدا و ڕای دەوەشێنێ، بڕوادارییش بەردەوام بەلا لێی دەدا و ڕای دەتەکێنێ، بێبڕاوەڕ وەك درەختی سنۆبەرە، سنۆبەر هەتا نەبڕدرێتەوەو ڕانەقەنێ، ڕاناوەشێ و گەلای لێ ناوەرن، بێبڕاوەڕیش هەتا نەمرێ ڕاناتەکێ و گوناهی لێ نابنەوە).

١٨ - ومن صحيح مسلم أنه قال: (إِنَّمَا مَثَلُ الْعَبْدِ الْمُؤْمِنِ حِينَ يُصِيبُهُ الْوَعْكُ أَوِ الْحُمَّى كَمَثَلِ حَدِيدَةٍ تَدْخُلُ النَّارَ، فَيَذْهَبُ خَبَثُهَا وَيَبْقَى طِيبُهَا). لا أعلم له علة. [هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١)لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموی: (وێنەی بەندەی باوەڕدار کاتێك تووشی ئازار دەبێ یان تا دای دەگرێ، وێنەی ئەو پارچە ئاسنەیە دەکەوێتە نێو کورەی ئاگرەوە و بە هۆی ئەمە ژەنگ و پیسیەکەی دەڕوا و ساغایی و پاکیەکەی دەمێنێتەوە).

هەرکەسێك لەسەر بەڵاوموصیبەت ئارام بگرێ، بە پلە و پایەی ژیانی هەمیشەیی قیامەت دەگات:

١٩ - أَخْبَرَنَا مُحَمَّدُ بْنُ أَحْمَدَ بْنِ نَصْرٍ بِقِرَاءَتِي عَلَيْهِ بِأَصْبَهَانَ قُلْتُ لَهُ أَخْبَرَتْكُمْ فَاطِمَةُ بِنْتُ عَبْدِ اللَّهِ الْجَوْزَذَانِيَّةُ فَأَقَرَّ بِهِ أَخْبَرَنَا أَبُو بَكْرٍ مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ أَخْبَرَنَا أَبُو الْقَاسِمِ سُلَيْمَانُ بْنُ أَحْمَدَ الطَّبَرَانِيُّ حَدَّثَنَا مُعَاذُ بْنُ الْمُثَنَّى حَدَّثَنَا مُسَدَّدٌ حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيدٍ عَنْ عِمْرَانَ أَبِي بَكْرٍ قَالَ حَدَّثَنِي عَطَاءُ بْنُ أَبِي رَبَاحٍ قَالَ: قَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: أَلَا أُرِيكَ امْرَأَةً مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ؟ قُلْتُ: بَلَى قَالَ: هَذِهِ الْمَرْأَةُ السَّوْدَاءُ أَتَتِ النَّبِيَّ (ﷺ) فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّي أُصْرَعُ وَإِنِّي أَتَكَشَّفُ فَادْعُ اللَّهَ لِي، فَقَالَ: (إِنْ شِئْتِ صَبَرْتِ وَلَكِ الْجَنَّةُ وَإِنْ شِئْتِ دَعَوْتُ اللَّهَ أَنْ يُعَافِيَكِ)، فَقَالَتْ: أَصْبِرُ، قَالَتْ: إِنِّي أَتَكَشَّفُ، فَادْعُ اللَّهَ أَنْ لَا أَنْكَشِفَ، فَدَعَا لَهَا. [هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە(عەتای کوڕی ئەبی ڕەباح)ەوە، گوتی: (ئیبنوعەباس) پێی گوتم: ژنێکی بەهەشتیت نیشاندەم؟ گوتم: بەڵێ، گوتی: ئەو ژنە ڕەشە هاتە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و گوتی: من جاروبار فێ دەگرم و خۆم ڕوت دەکەمەوە، بۆم لە خودا بپارێوە شیفای تەواوم بدا، فەرموی: (ئەگەر حەز دەکەی ئارام بگرە و لە بەرانبەردا بەهەشتت دەبێ، ئەگەر حەزیش دەکەی بۆت لە خودا دەپارێمەوە چاکت کاتەوە). گوتی: ئارام دەگرم-و بەهەشتم دەوێ-، کەمێك دوای ئەمە گوتی: من لەو کاتەدا

خـۆم ڕوت دەکەمـەوە، بـەس داوای ئـەوەم بـۆ بکـە ئـەوە نەکەم، ئەمجا بۆی پاڕایەوە.

٢٠ – وَقَالَ: أَتَتِ امْرَأَةٌ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) بِهَا طَيْفٌ فَقَالَتْ يَا رَسُولَ اللَّهِ ادْعُ اللَّهَ أَنْ يَشْفِيَنِي قَالَ: (**إِنْ شِئْتِ دَعَوْتُ اللَّهَ ﷻ فَشَفَاكِ وَإِنْ شِئْتِ فَاصْبِرِي وَلا حِسَابَ عَلَيْكِ**)، قَالَتْ: أَصْبِرُ وَلا حِسَابَ عَلَيَّ.

رَوَاهُ الإِمَامُ أَحْمَدُ فِي الْمُسْنَدِ عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ عَمْرٍو بِمَعْنَاهُ وَرِجَالُهُ عَلَى شَرْطِ مُسْلِمٍ. [هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ]

(٢) –ئەبوهورەیرە–گوتی: ژنێك کە شێتیەکی لە گەڵدا بوو هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا(ﷺ) و گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! داوا لە خودا بکە شیفام بدا، فەرموی: (ئەگەر حەز دەکەی ئارام بگرە و لە قیامەت لێپرسینەوەت لە گەڵ ناکرێ). گوتی: ئارامی لە سەر دەگرم، با لێپرسینەوەم لە گەڵ نەکرێ.

٢١ - أَخْبَرَنَا أَبُو جَعْفَرٍ مُحَمَّدُ بْنُ أَحْمَدَ أَخْبَرَنَا مَحْمُودُ بْنُ إِسْمَاعِيلَ الصَّيْرَفِيُّ أَخْبَرَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ شَاذَانَ أَخْبَرَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مُحَمَّدِ بْنِ مُحَمَّدٍ الْقَبَّابُ أَخْبَرَنَا مُحَمَّدُ بْنُ عَمْرِو بْنِ أَبِي عَاصِمٍ حَدَّثَنَا أَبُو بَكْرٍ حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْهِرٍ عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ عَمْرٍو عَنْ أَبِي سَلَمَةَ رَوَى عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ) فَقَالَ: (**هَلْ أَخَذَتْكَ أُمُّ مِلْدَمٍ قَطُّ؟**)، قَالَ: وَمَا أُمُّ مِلْدَمٍ؟ قَالَ: (**حَرٌّ يَكُونُ بَيْنَ الْجِلْدِ وَاللَّحْمِ**) قَالَ: مَا وَجَدْتُ هَذَا قَطُّ قَالَ: (**فَهَلْ صُدِعْتَ قَطُّ؟**) قَالَ: وَمَا الصُّدَاعُ؟ قَالَ: (**عِرْقٌ يَضْرِبُ فِي الرَّأْسِ**) قَالَ: مَا وَجَدْتُ هَذَا

قَطُّ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَنْظُرَ إِلَى رَجُلٍ مِنْ أَهْلِ النَّارِ فَلْيَنْظُرْ إِلَى هَذَا).

رَوَاهُ الإِمَامُ أَحْمَدُ فِي مُسْنَدِهِ عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ بِشْرٍ عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ عَمْرٍو بِمَعْنَاهُ وَرَوَاهُ عَمْرُو بْنُ مَرْزُوقٍ عَنِ ابْنِ الْمُسَيِّبِ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ.[هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ]

(٣) (ئەبوهوڕەیڕە)گوتی: پیاوێك هات و، پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسیاری لێ کرد: (ئایا هیچ جار تا دای نەگرتووی؟) گوتی: تا چیە؟ فەرموی: (گەرمییەکە لە نێوانی گۆشت و پێستدا پەیدا دەبێ)، گوتی: قەت ئەمەم نەدیوە، فەرموی: (قەت تووشی شەقیقە بووی؟) گوتی: شەقیقە چیە؟ فەرموی: (دەماریێکە لە سەردا لێ دەدا–و تووشی ژانەسەر دەبی–)، گوتی: قەت ئەمەم نەدیوە، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (کێ حەز دەکا پیاوێك ببینێ کە خەڵکی دۆزەخە با سەیری ئەمە بکا).

پاداشت لەسەر لە دەستدانی چاو، ئەگەر خاوەنەکەی ئارام بگرێ و پاداشتی لە خودا بوێ:

٢٢ - روي عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ)أنه قَالَ: (يَا زَيْدُ! أَرَأَيْتَ لَوْ أَنَّ عَيْنَيْكَ كَانَتَا لِمَا بِهِمَا؟)، فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِذًا أَصْبِرُ وَأَحْتَسِبُ، فَقَالَ: (إِذًا لَقِيتَ اللَّهَ ﷻ وَلَا ذَنْبَ لَكَ).

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ)، فەرموی: (ئەی زەید! ئەگەر چاوەکانت ئێش و ژوارەکەیان بمابایە چت دەکرد؟)، جا گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ئەو کاتە ئارامم دەگرت و پاداشتی ئەوەم لەسەر خوا هەژمار دەکرد، فەرموی: (کەواتە ئەگەر بەو حاڵە بە خوای گەورە بگەیشتبایەوە هیچ گوناهت پێوە نەدەمان).

٢٣ – وَعَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (ﷺ) يَقُولُ: (إِنَّ اللَّهَ ﷻ إِذَا ابْتَلَى عَبْداً مِنْ عِبادِهِ بِحَبِيبَتَيْهِ فَصَبَرَ، عَوَّضَهُ مِنْهُمَا الجَنَّةَ). يُرِيدُ: عَيْنَيْهِ.

أخرجه الْبُخَارِيُّ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ يُوسُفَ، عَنِ اللَّيْثِ.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(٢) لەئەنەسی کوڕی مالیکەوە، گوتی: گوێم لە پێغەمبەر (ﷺ) بوو دەیفەرمو: (هەرکات خودای مەزن بەندەیەک لە بەندەکانی بە لە دەستدانی دوو خۆشەویستەکانی-واتە: چاوەکانی- تاقی کردەوە و ئەویش ئارامی گرت، ئەوا لە قەرەبووی ئەمەدا بەهەشتی دەداتێ).

٢٤ - أَخْبَرَنَا أَبُو الْمَجْدِ زَاهِرُ بْنُ أَحْمَدَ الثَّقَفِيُّ أَخْبَرَنَا أَبُو عَبْدِ اللَّهِ الْحُسَيْنُ بْنُ عَبْدِ الْمَلِكِ الأَدِيبُ .. .. عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (يَقُولُ اللَّهُ ﷻ: مَنْ أَذْهَبْتُ حَبِيبَتَيْهِ فَصَبَرَ وَاحْتَسَبَ لَمْ أَرْضَ لَهُ ثَوَابًا دُونَ الْجَنَّةِ).

هذا على شرط الصحيحن وَقَدْ أَخْرَجَ مُسْلِمٌ بِهَذَا الإِسْنَادِ غَيْرَ حَدِيثٍ، وَرَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ عَنْ مَحْمُودِ بْنِ غَيْلانَ عَنْ عَبْدِ الرَّزَّاقِ عَنْ سُفْيَانَ عَنِ الأَعْمَشِ وَقَالَ هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ، وفيه حبيبتيه. [هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(٣) لەئەبوهوڕەیڕەوە، گوتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموی: (خودای مەزن دەفەرموێ: هەر کەسێک دوو خۆشەویستەکەیم لێ سەندنەوە و، لە بەرانبەردا ئارامی گرت و لە سەر ئێمەی حیساب کرد، ئەوا لە بەرانبەردا بە هیچ پاداشتێک کەمتر لە بەهەشت قایل نابم بیدەمێ).

خودای تەعالا پاداشتی هەموو ئەو کردارە چاکانە بۆ نەخۆش دەنووسێ کە بەر لە نەخۆشبوونی بە بەردەوامی دەیکردن:

٢٥ - روي عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ): (مَنْ كَانَ لَهُ عَمَلٌ يَعْمَلُهُ، فَشَغَلَهُ عَنْهُ مَرَضٌ أَوْ سَفَرٌ، فَإِنَّهُ يُكْتَبُ لَهُ صَالِحُ مَا كَانَ يَعْمَل وَهُوَ صَحِيحٌ مُقِيمٌ).
أخرجه البخاري بمعناه عن مطر بن الفضل عن يزيد بن هارون.
[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١)لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) گێڕدراوەتەوە: (هەر کەسێك کردەوەیەکی چاکی هەبێ و خووی پێوە گرتبێ بە بەردەوامی بیکات، نەخۆشی یان سەفەرێك سەرقاڵی کرد و بۆی نەکرا بیانکات، ئەوا پاداشتی هەموو ئەو کردارە چاکانەی بۆ دەنوسرێن کە بە ساغی و لە ماڵ و شوێنی خۆیدا ئەنجامی دەدان).

٢٦ – و روي عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ): (مَا أَحَدٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ يُصَابُ بِبَلاءٍ فِي جَسَدِهِ إِلاَّ أَمَرَ اللهُ الْحَفَظَةَ الَّذِينَ يَحْفَظُونَهُ، فَيَقُولُ: اكْتُبُوا لِعَبْدِي كُلَّ يَوْمٍ ولَيْلَةٍ مِثْلَ مَا كَانَ يَعْمَلُ مِنَ الْخَيْرِ، مَادَامَ مَحْبُوسًا فِي وَثَاقِي). رجاله على شرط الصحيحين. [هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(٢) لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) گێڕدراوەتەوە: (هەر یەکێك لە موسڵمانان جەستەی تووشی پێکانێك بوو، خودا فەرمان بە

تۆمارکەرانی کردەوەکانی دەکات: هەموو شەو و ڕۆژێك ئەو کار و کردەوە چاکانە بۆ بەندەکەم بنووسن کە ڕۆژانی پێشتر ئەنجامی دەدان، مادام لە کۆتوبەندی تاقیکردنەوەی منداڕاگیراوە).

- **پاداشتی خوێندنی زیکری: ﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ﴾ = (ئێمە هی خوداین و دواجار هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە) لە کاتی بە بیرهاتنەوەی کارەساتی دێرین:**

٢٧ - عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مُحَمَّدِ بْنِ أَبِي الْمجد الحربي أَخْبَرَنَا هِبَةُ اللَّهِ بْنُ مُحَمَّدٍ أَخْبَرَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَلِيٍّ أَخْبَرَنَا أَحْمَدُ بْنُ جَعْفَرٍ حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ حَدَّثَنِي أَبِي حَدَّثَنَا يَزِيدُ وَعَبَّادُ بْنُ عَبَّادٍ قَالا أَخْبَرَنَا هِشَامُ بْنُ أَبِي هِشَامٍ قَالَ عباد بن زياد عَنْ أُمِّهِ عَنْ فَاطِمَةَ بِنْتِ الْحُسَيْنِ عَنْ أَبِيهَا الْحُسَيْنِ بْنِ عَلِيٍّ، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ)قَالَ: (مَا مِنْ مُسْلِمٍ وَلا مُسْلِمَةٍ يُصَابُ بِمُصِيبَةٍ فَيَذْكُرُهَا وَإِنْ طَالَ عَهْدُهَا -قَالَ عَبَّادٌ قَدِمَ عَهْدُهَا- فَيُحَدِّثُ لِذَلِكَ اسْتِرْجَاعًا إِلا جَدَّدَ اللهُ لَهُ عِنْدَ ذَلِكَ، فَأَعْطَاهُ مِثْلَ أَجْرِهَا يَوْمَ أُصِيبَ).

هَكَذَا رَوَاهُ الإِمَامُ أَحْمَدُ فِي مُسْنَدِهِ، وَرَوَاهُ ابْنُ مَاجَهْ عَنْ أَبِي بَكْرِ بْنِ أَبِي شَيْبَةَ عَنْ وَكِيعٍ عَنْ هِشَامٍ. [إِسْنادُهُ ضَعِيفٌ جِدّاً]

(١) لە (حوسێنی کوڕی عەلی)یەوە، لە پێغەمبەرەوە(ﷺ)، فەرموی: (هەر موسڵمانێك چ پیاو چ ژن بە کارەساتێکەوە گرفتار کرا، وەختێك بەبیری هاتەوە ئەگەرچی سەردەمی

ڕووداندەکەی دوور و درێژیش بێ-عەببادی ڕاوی دەڵێ: لەمێژینەش بێ-، جا سەر لە نوێ بە دڵ یان بە زمان گوتی: ﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ﴾ (البقرە:١٥٦) (ئێمە ملکی خوداین و هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە) ئیللا خودا لەم کاتەدا سەرلەنوێ جۆرە پاداشتێکی وای پێ دەبەخشێت کە بە قەد پاداشتی ئەو ڕۆژە بێ کە تێیدا تووش بووە).

دەروازەی دووەم

(پزیشکی)

دەردو دەرمان بە قەدەری خودان:

٢٨ - أَخْبَرَنَا عُمَرُ بْنُ عَلِيٍّ الْوَاعِظُ أَخْبَرَنَا هِبَةُ اللَّهِ بْنُ مُحَمَّدٍ أَخْبَرَنَا الْحَسَنُ بْنُ عَلِيٍّ أَخْبَرَنَا أَحْمَدُ بْنُ جَعْفَرٍ أَخْبَرَنَا عَبْدُ اللَّهِ حَدَّثَنِي أَبِي حَدَّثَنَا سُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ عَنِ الزُّهْرِيِّ عَنِ ابْنِ أَبِي خُزَامَةَ عَنْ أَبِيهِ قَالَ: قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَقَالَ سُفْيَانُ مَرَّةً سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ(ﷺ) أَرَأَيْتَ دَوَاءً يُتَدَاوَى بِهِ وَرُقًى يُسْتَرْقَى بِهَا وَتُقًى نَتَّقِيهَا أَتَرُدُّ مِنْ قَدَرِ اللَّهِ شَيْئًا قَالَ: **(إِنَّهَا مِنْ قَدَرِ اللَّهِ ﷻ)**.

رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ وَابْنُ مَاجَة، قَالَ الإِمَامُ أحمد: الصواب عَنْ أَبِي خُزَامَةَ عَنْ أَبِيهِ وَكِلا الرِّوَايَتَيْنِ جَاءَتَا عَنْ سُفْيَانَ. رَوَاهُ مَالِكٌ وَيُونُسُ وَعَمْرُو بْنُ الْحَارِثِ وَالأَوْزَاعِيُّ عَنِ الزُّهْرِيِّ عَنْ أَبِي خُزَامَةَ عَنْ أَبِيهِ.

[هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ]

(١) لە (ئەبوخوزامە)وە، گوتی: گوتم ئەی پێغەمبەری خوا! سوفیان گوتی: جارێك پرسیارم لە پێغەمبەری خوا(ﷺ) کرد: پێمان بفەرمو! دەرمانێك دەردی خۆمانی پێ چارە دەکەین، دوعایەك لەسەر نەخۆشێکمانی دەخوێنین، خۆپارێزیەك دەیگرینە بەر، ئایا ئەمانە هیچ لە قەدەری خودا دەگێڕنەوە؟! فەرموی: (ئەمانە-هەموویان- قەدەری خودان).

خودای مەزن زانیاری دەربارەی هەر دەردێک دابەزاندبێ، زانیاری لە سەر دەرمانەکەشی دابەزاندووە، جگە لە پیری:

٢٩ - أَخْبَرَنَا أَبُو جَعْفَرٍ مُحَمَّدُ بْنُ أَحْمَدَ الصَّيْدَلانِيُّ بِقِرَاءَتِي عَلَيْهِ بِأَصْبَهَانَ قُلْتُ لَهُ أَخْبَرَكُمْ أَبُو عَلِيٍّ الْحَسَنُ بْنُ أَحْمَدَ الْحَدَّادُ وَأَنْتَ حَاضِرٌ قَالَ أَخْبَرَنَا أَبُو نُعَيْمٍ أَحْمَدُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ أَحْمَدَ قَالَ أَخْبَرَنَا أَبُو مُحَمَّدٍ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ جَعْفَرِ بْنِ أَحْمَدَ بْنِ حَيَّانَ حَدَّثَنَا أَبُو مَسْعُودٍ أَحْمَدُ بْنُ الْفُرَاتِ الرَّازِيُّ أَخْبَرَنَا أَبُو أَحْمَدَ الزُّبَيْرِيُّ حَدَّثَنَا ابْنُ أَبِي حُسَيْنٍ عَنْ عَطَاءٍ عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ): (مَا أَنْزَلَ اللَّهُ دَاءً إِلا أَنْزَلَ لَهُ شِفَاءً).

صَحِيحٌ أَخْرَجَهُ الْبُخَارِيُّ عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ الْمُثَنَّى عَنْ أَبِي أَحْمَدَ الزُّبَيْرِيِّ عَنْ عُمَرَ بْنِ سَعِيدِ بْنِ أَبِي حُسَيْنٍ عَنْ عَطَاءِ بْنِ أَبِي رَبَاحٍ.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) (ئەبوهورەیرە) گوتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (خودا زانیاری دەربارەی هەر دەردێک دابەزاندبێ، ئەوا زانیاری لە سەر چارەسەرکردنیشی بۆ دابەزاندووە).

٣٠ - عَنْ أُسَامَةَ بْنِ شَرِيكٍ، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: (إِنَّ اللَّهَ ﷻ لَمْ يُنْزِلْ دَاءً إِلَّا أَنْزَلَ لَهُ شِفَاءً إِلَّا الْهَرَمَ).

صَحِيحٌ أَخْرَجَهُ أَبُو دَاوُدَ وَالتِّرْمِذِيُّ وَالنَّسَائِيُّ وَابْنُ مَاجَهْ فِي كُتُبِهِمْ، وَقَالَ التِّرْمِذِيُّ: حَسَنٌ صَحِيحٌ.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(٢) لە (ئوسامەی کوڕی شەریك)ەوە، لە پێغەمبەرەوە (ﷺ)، فەرموی: (خودا زانیاری لە سەر هەر دەردێك دابەزاندبێ، زانیاری لە سەر چارەسەرکردنیشی بۆ دابەزاندووە، جگە لە پیری).

٣١- أَخْبَرَنَا أَبُو جَعْفَرٍ الصَّيْدَلانِيُّ أَخْبَرَنَا أَبُو عَلِيٍّ الْحَدَّادُ أَخْبَرَنَا أَبُو نُعَيْمٍ أَخْبَرَنَا أَبُو مُحَمَّدِ بْنُ مَادشَ حَدَّثَنَا أَبُو مَسْعُودٍ الرَّازِيُّ حَدَّثَنَا مُسَدَّدٌ حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سَعِيدٍ عَنْ سُفْيَانَ عَنْ عَطَاءٍ عَنْ أَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: (إِنَّ اللَّهَ لَمْ يُنْزِلْ دَاءً إِلَّا أَنْزَلَ لَهُ شِفَاءً عَلِمَهُ مَنْ عَلِمَهُ وَجَهِلَهُ مَنْ جَهِلَهُ).

أَخْرَجَهُ ابْنُ مَاجَهْ عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ بَشَّارٍ عَنِ ابْنِ مَهْدِيٍّ عَنْ سُفْيَانَ عَنْ عَطَاءٍ وَهُوَ ابْنُ السَّائِبِ عَنْ أَبِي عَبْدِ الرَّحْمَنِ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ حَبِيبٍ. رَوَاهُ عَنْ عَطَاءٍ شُعْبَةُ بْنُ الْحَجَّاجِ وَسُفْيَانُ بْنُ عُيَيْنَةَ وَخَالِدُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ وَجَرِيرُ بْنُ عَبْدِ الْحَمِيدِ وَهَمَّامُ بْنُ الْحَارِثِ كَنَحْوِ رِوَايَةِ سُفْيَانَ الثَّوْرِيِّ. وَعَطَاءُ بْنُ السَّائِبِ تَغَيَّرَ فِي آخِرِ عُمُرِهِ، وَمَا رَوَاهُ عَنْهُ سُفْيَانُ الثَّوْرِيُّ وَشُعْبَةُ فَإِنَّهُ صَحِيحٌ؛ لأَنَّهُمَا سَمِعَا مِنْهُ قَبْلَ تَغَيُّرِهِ وَاللَّهُ أَعْلَمُ.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(٣) لە (عەبدوللای کوڕی مەسعود)ەوە، لە پێغەمبەرەوە (ﷺ)، فەرموی: (خودا زانیاری لە سەر هەر دەردێك دابەزاندبێ، زانیاری لە سەر چارەسەرکردنیشی بۆ دابەزاندووە، کەسێك زانیاری دەربارەی چارەسەری

نەخۆشییەك وەرگرتبێ بەمە ئاگادارە و کەسێکیش وەری نەگرتبێ ئەوە بۆ خۆی نەشارەزایە نەك دەردەکە بێ دەرمان بێ).

هەموو دەردێك دەرمانی هەیە:

٣٢ - روي عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قال: (لِكُلِّ دَاءٍ دَوَاءٌ، فَإِذَا أُصِيبَ دَوَاءُ الدَّاءِ بَرَأَ بِإِذْنِ اللهِ ﷻ).

صحيح أخرجه مسلم في صحيحه عن أحمد بن عيسى.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ)، فەرموی: (بۆ هەموو دەردێك دەرمانێك هەیە، جا هەرکات دەرمانی دەردەکە دۆزرایەوە و بەکار هێنرا، ئەوا بە ئیزنی خودا دەردەکە کۆتایی پێ دێ و نەخۆشەکە چاك دەبێتەوە).

پاریز:

٣٣ - عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ):(إِذَا أَحَبَّ اللهُ تعالى عبداً حَمَاهُ الدُّنيا، كما يظَلُّ أحدُكم يَحمي سَقِيمَهُ الماءَ).[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ)، فەرموی:(ئەگەر خودای تەعالا بەندەیەکی خۆش ویست دنیای لێ دەگرێتەوە- و لە تێوەگلان و گیرۆدە بوون پێیەوەی دەپارێزێ-، چۆن یەکێکتان ئاو لە نەخۆشەکەی دەگرێتەوە- نەبادا خواردنەوەی زیانی لێ بدا و نەخۆشیەکەی تەشەنە بکات-).

شیفا لە سێ شتدا هەیە:

٣٤ - رُوِيَ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ)قال: (إِنْ كَانَ فِي أَدْوِيَتِكُمْ خَيْرٌ أو يكون ففي شَرْطَةِ حَجَّامٍ، أَوْ شَرْبَةِ عَسَلٍ، أَوْ لَذْعَةٍ بِنَارٍ، تُوَافِقُ دَاءً، وَمَا أُحِبُّ أَنْ أَكْتَوِيَ). [هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ)، فەرموی:(ئەگەر لەو دەرمانانەتان بە کاریان دەهێنن سوودێکی تێدا بووبێ یان تێیدا بێ، ئەوا لە وەشاندنی نەشتەری کەڵەشاخگر، یان فڕکردنی قمێك لە ڕاوی هەنگوین، یان دانانی شیشێکی سووڕەوەکراو لە سەر شوێنی بریندار یان بەئێش، دەردەکە دەپێکێ و ڕایدەماڵێ، بەڵام من حەز ناکەم خۆم داخ بکەم).

هەنگوین:

خـــودای تـــەعالا دەفـــەرموێ: ﴿فِيهِ شِفَآءٌ لِّلنَّاسِ﴾ (النحل:٦٩). **(هەنگوین دەرمانی نەخۆشیەکانی خەڵکی تێدایە).**

٣٥- وَ رُوِيَ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ)، قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (ﷺ)فَقَالَ: إِنَّ أَخِي اسْتَطْلَقَ بَطْنُهُ فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ):(اسْقِهِ عَسَلًا) فَسَقَاهُ، ثُمَّ جَاءَ فَقَالَ: إِنِّي سَقَيْتُهُ عَسَلًا فَلَمْ يَزِدْهُ إِلَّا اسْتِطْلَاقًا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ):(اسْقِهِ عَسَلًا). فَقَالَ لَهُ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ جَاءَ الرَّابِعَةَ فَقَالَ: (اسْقِهِ عَسَلًا) فَقَالَ: قَدْ سَقَيْتُهُ فَلَمْ يَزِدْهُ إِلَّا اسْتِطْلَاقًا، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ):(صَدَقَ اللهُ، وَكَذَبَ بَطْنُ أَخِيكَ) فَسَقَاهُ فَبَرَأَ.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە(ئەبوسەعیدی خودری)یەوە، گوتی: پیاوێک هاتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) و گوتی: برایەکەم سکچوونی گرتووە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (هەنگوینی دەرخوارد بدە)، یەکسەر چوو و دەرخواردی دا، هاتەوە و گوتی: هەنگوینم دایە بەڵام بێ لە زیادبوونی ڕەوانیەکەی هیچی دی ڕووی نەدا، ئەمجارەش پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (بڕۆ هەنگوینی دەرخوارد بدە)، سێ جار ئەمەی پێ فەرمو، چوارەم جار هاتەوە و هەر پێی فەرمو: (هەنگوینی دەرخوارد بدە)، هاتەوە و گوتی: هەنگوینم

دایە بەڵام بێ لە زیادبوونی ڕەوانیەکەی هیچی دی ڕووی نەدا، جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (خودا ڕاستی فەرمو و، سکی براکەت درۆی کرد)، دواجار دەرخواردی دا و ڕەوانیەکەی نەما و چاك بۆوە.

٣٦ - وقال عَلَيْهِ السَّلامُ: (عَلَيْكُمْ بِالشِّفَاءَيْنِ: الْعَسَلِ وَالْقُرْآنِ).
[صَحِيحٌ مَوْقوفاً]

(٢)پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (پێویستە دوو شیفابەخشەکە بەکار بێنن: هەنگوین و قورئان).

دومەڵان:

٣٧ - رُوِيَ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ): (الْكَمْأَةُ مِنَ الْمَنِّ وَمَاؤُهَا شِفَاءٌ لِلْعَيْنِ).
[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١)لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕدراوەتەوە: (دومەڵان وەك گەزۆ بەخشش و منەتی خوایە و چۆن ئەو لە ئاسمان دەباڕێ ئەویش بە بێ چاندن لە زەوی هەڵ دەتۆقێ و، ئاوەکەی چ بە خواردنەوە چ بەکارهێنانی بە شێوەی قەترە دەرمانی چاوهێشەیە).

کل:

٣٨ - رُوِيَ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ):(عَلَيْكُمْ بِالثِّيَابِ الْبِيضِ، فَلْيَلْبَسْهَا أَحْيَاؤُكُمْ، وَكَفِّنُوا فِيهَا مَوْتَاكُمْ، وَعَلَيْكُمْ بِالْإِثْمِدِ؛ فَإِنَّهُ يَجْلُو الْبَصَرَ وَيُنْبِتُ الشَّعْرِ).
[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕدراوەتەوە: (چاوتان بە کل بڕێژن " چونکە چاو تیژ و ڕون دەکات و برژانگ فراژو و بەهێز دەکات).

مەڵحەمکردنی چاو بە(صەبیر=هێواش):

٣٩ - رُوِيَ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) فِي الْمُحْرِمِ يَشْتَكِي عَيْنَيْهِ: (يَضْمِدُهُمَا بِالصَّبِرِ).
[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) گێڕدراوەتەوە: پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی کەسێك لە ئیحرامدا بوو و تووشی چاوئێشە ببوو، فەرموی: (با قەترە یان مەڵحەمی دروستکراو لە ڕووەکی صەبیر- هێواش،ئەلۆڤێرا -ی تێ هەڵبسوێ).

ڕەشکە:

٤٠ - رُوِيَ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: (إِنَّ فِي الْحَبَّةِ السَّوْدَاءِ شِفَاءً مِنْ كُلِّ دَاءٍ إِلَّا السَّامَ، وَالسَّامُ هُوَ الْمَوْتُ).
[صَحِيحٌ]

(١) لە پێغەمبەرەوە (ﷺ)، فەرموی: (بێگومان لە دەنکی ڕەشکەدا چارەسەری هەموو دەردێک هەیە جگە لە سام، سام بریتیە لە مەرگ).

کەڵەشاخ گرتن:

٤١ - رُوِيَ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ)، أنه سُئِلَ أَنَسٌ عَنْ كَسْبِ الْحَجَّامِ، فَقَالَ: احْتَجَمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، حَجَمَهُ أَبُو طَيْبَةَ، فَأَمَرَ لَهُ بِصَاعَيْنِ مِنْ طَعَامٍ،وَكاتبه(كَلَّمَ) أَهْلَهُ فَرَفَعُوا عَنْهُ مِنْ خَرَاجِهِ، وَقَالَ: (إِنَّ أَفْضَلَ مَا تَدَاوَيْتُمْ بِهِ الْحِجَامَةُ) أَوْ (مِنْ أَمْثَلِ دَوَائِكُمْ). [هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) دەربارەی حوکمی پیشەی کەڵەشاخ گرتن پرسیار لە ئەنەس کرا، لە وەڵامدا گوتی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) کەڵەشاخی گرتووە، (ئەبوتەیبە) کەڵەشاخی بۆ گرت و، فەرمانی کرد لە بەرانبەردا دوو جام خۆراکی پێ بدەن و، قسەی لە گەڵ گەورەکەی کرد، ئەوانیش لە مزەی ڕۆژانەی لێ خۆش بوون و، فەرموی: (کەڵەشاخ گرتن باشترین شتە

خۆتانی پێ چارەسەر بکەن) یان (لە پێزی دەرمانە نمونەییەکانتانە).

٤٢ - وَقَالَ ابْنُ عَبَّاسٍ: احْتَجَمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ)، وَأَعْطَى الْحَجَّامَ أَجْرَهُ وَلَوْ عَلِمَهُ خَبِيثًا لَمْ يُعْطِهِ. [هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(٢) ئیبنوعەباس گوتی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) کەڵەشاخی گرت و، هەقدەستی داوەتە کەڵەشاخگر و، ئەگەر بیزانیبایە حەرامە پێی نەدەدا.

گرتنی کەڵەشاخ لە سەر:

٤٣ - رُوِيَ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: احْتَجَمَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) مِنْ طَرِيقِ مَكَّةَ عَلَى رَأْسِهِ وَهُوَ مُحْرِمٌ. [هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) دەربارەی کرداری پێغەمبەر (ﷺ) گێڕدراوەتەوە، ڕاوی گوتی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) لە ڕێگای مەککە و لە حاڵێکدا لە ئیحرامدا بوو کەڵەشاخی لە سەری پیرۆزی گرت.

٤٤ - رُوِيَ عَنْ امْرَأَةِ عُبَيْدِ اللَّهِ بْنِ عَلِيِّ بْنِ أَبِي رَافِعٍ، عَنْ جَدَّتِهِ، سَلْمَى خَادِمِ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) قالت: مَا كَانَ أَحَدٌ يَشْتَكِي إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَجَعًا فِي رَأْسِهِ إِلَّا قَالَ: (احْتَجِمْ) وَلَو وَجَعًا فِي رِجْلَيْهِ إِلَّا أَخْضَبَهَا.
[هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ]

(٢) لە (خاتوسەلمە)ی کارەکەری پێغەمبەری خوداوە (ﷺ) گێڕدراوەتەوە، گوتی: هەر کەسێك سکالای ژانەسەری خۆی بۆ پێغەمبەری خودا (ﷺ) بخستایە ڕوو، پێی دەفەرمو: (کەڵەشاخ بگرە)، ئەگەر قاچی هێشابایە – بە ڕێنمایی ئەو زاتە– بنەپێی لە خەنە دەگرتن.

گرتنی کەڵەشاخ لە سەر هەرتك لامل و نێوشان:

٤٥ - رُوِيَ عَنْ أَنَسٍ أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) احْتَجَمَ فِي الْأَخْدَعَيْنِ، وَالْكَاهِلِ.
[صَحِيحٌ وَ يَأْتِي برقم ٤٩]

(١) لە (ئەنەس)ەوە، گوتی: پێغەمبەر (ﷺ) کەڵەشاخی لە سەر ڕەگی هەرتك لاملی و نێو دەفەی شانی دەگرت.

گرتنی کەڵەشاخ لە نێوان هەرتك شان:

٤٦ - رُوِيَ عَنْ أَبِي كَبْشَةَ الْأَنْمَارِيِّ، أنه قال: أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) كَانَ يَحْتَجِمُ عَلَى هَامَتِهِ، وَبَيْنَ كَتِفَيْهِ، وَيَقُولُ: (مَنْ أَهْرَاقَ مِنْهُ هَذِهِ الدِّمَاءَ فَلَا يَضُرُّهُ أَنْ لَا يَتَدَاوَى بِشَيْءٍ).
[هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ]

(١) لە (ئەبوکەبشەی ئەنماری)یەوە، گوتی: پێغەمبەر (ﷺ) کەڵەشاخی لە نێوەڕاستی سەری و نێو دەفەی هەرتك شانی دەگرت و، دەیفەرمو: (هەرکەسێك کەمێك خوێنی لە ڕێی کەڵەشاخەوە لێ گیرا، دوای ئەوە ئەگەر هیچ دەرمانێکیش بەکار نەهێنێ زیانی بەر ناکەوێ).

گرتنی کەڵەشاخ لە پشتی پێ:

٤٧ - رُوِيَ عَنْ أَنَس: أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) احْتَجَمَ عَلَى ظَهْرِ قَدَمَيْهِ مِنْ وَجَعٍ كَانَ بِهِ.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە (ئەنەس)ەوە، گوتی: پێغەمبەر (ﷺ) بە هۆی پەیدابوونی ئێش و ئازارێك کەڵەشاخی لە سەر پشتی پێکانی گرت.

کەڵەشاخ گرتن بۆ ژنان:

٤٨ - رُوِيَ عَنْ جَابِرٍ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ): أنه أَمَرَ أَبَا طَيْبَةَ أَنْ يَحْجُمَ أُمَّ سَلَمَةَ قَالَ: حَسِبْتُ أَنَّهُ كَانَ أَخَاهَا مِنَ الرَّضَاعَةِ، أَوْ غُلَامًا لَمْ يَحْتَلِمْ.

كذا أخرجه مسلم، قلت: ولا أدري قول من هذا ويحتمل أن يكون هذا قبل نزول الحجاب ويجوز ذلك عند الضرورة والله أعلم.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە (جابر)ەوە، گوتی: پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی بە (ئەبوتەیبەی کەڵەشاخگر) کرد کەڵەشاخ بۆ (خاتوئوموسەلەمەی هاوسەری) بگرێت، -جابر- گوتی: وا بزانم (ئەبوتەیبە) برای شیری (ئوموسەلەمە) بوو، یان بە هۆی ئەوە مێرمندانێکی نەبالّغ بوو.

مەقدیسی دەڵێ: بۆی هەیە ئەمە بەر لە دابەزینی فەرمانی(حیجاب) بووبێ و، لە بەر ناچاریش دروستە، خودا بەمە زاناترە.

لە چ ڕۆژێکدا کەڵەشاخ گرتن سوننەتە؟:

٤٩ - عَنْ أَنَسٍ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) يَحْتَجِمُ فِي الأَخْدَعَيْنِ وَالكَاهِلِ، وَكَانَ يَحْتَجِمُ لِسَبْعَ عَشْرَةَ وَتِسْعَ عَشْرَةَ وَإِحْدَى وَعِشْرِينَ.
وقال الترمذي: حديث حسن غريب.
[حَدِيثٌ حَسَنٌ غَرِيبٌ]

(١) لە (ئەنەس)ەوە، گوتی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) کەڵەشاخی لە هەرتك لاملی و نێو شانی دەگرت و، لە ڕۆژانی حەڤدە و نۆزدە و بیستویەکی مانگی قەمەریدا کەڵەشاخی لە خۆی دەگرت.

داخ کردن:

٥٠ - رُوِيَ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ عن النَّبِيِّ (ﷺ) أنه قالَ: رَمَى رَجُلٌ أُبَيًّا يَوْمَ الْأَحْزَابِ عَلَى أَكْحَلِهِ فَكَوَاهُ رَسُولُ (ﷺ) بِيَدِهِ.
[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە (جابری کوڕی عەبدوللا)وە، گوتی: لە جەنگی ئەحزابدا پیاوێك تیرێکی لە (ئوبەی) گرت و شادەماری باسکی بڕی و نەزیف بوو، جا پێغەمبەری خودا (ﷺ) بە دەستی پیرۆزی بۆی داخ کرد و خوێنەکەی وەستاند.

دانانی بەردی گەرمکراو لە سەر شوێنی بە ئازار:

٥١ - رُوِيَ عَنْ عَبْدِ اللَّهِ، أَنَّ قَوْمًا أَتَوُا النَّبِيَّ (ﷺ) قالوا: صَاحِبٌ لَنَا يَشْتَكِي، أَنَكْوِيهِ؟ قال: فَسَكَتَ قَالُوا: أَنَكْوِيهِ؟ فَسَكَتَ، فَقَالَ: (فَاكْوُوهُ وَارْضِفُوهُ بِالرَّضْفِ رَضْفًا). [هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە (عەبدوللای کوڕی مەسعود)وە، گوتی: هۆزێك هاتنە خزمەت پێغەمبەر(ﷺ) و گوتیان: هاوەڵێکمان ئازارێکی توندی هەیە، ئایا بۆمان هەیە شوێنی ئازارەکەی بۆ داخ بکەین؟ گوتی: پێغەمبەر(ﷺ) بێ دەنگ بوو، دووبارە گوتیان: داخی بکەین؟ ئەمجاریش بێ دەنگ بوو، ئەمجا فەرموی: (دە بڕۆن بۆی داخ بکەن و بەردی گەرمکراوی بە سەردا بگێڕن).

فەرمانکردن بە ساردکردنەوە و دابەزاندنی تا بە ئاوی سارد:

٥٢ - رُوِيَ عَنْ رَافِعِ بْنِ خَدِيجٍ، قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) يَقُولُ: (إِنَّ الْحُمَّى فَوْرٌ من فَوْرِ جَهَنَّمَ، فَأَطْفِئُوهَا عَنْكُمْ بِمَاءِ زَمْزَمَ). [صَحِيحٌ]

(١) لە (ڕافیعی کوڕی خەدیج)ەوە، گوتی: گوێم لە پێغەمبەری خودا (ﷺ) بوو دەیفەرمو: (تا پارچەیەکە لە گڕوکڵپەی دۆزەخ، جا بە ئاوی زەمزەم لە سەر خۆتانی دابمرکێنن‌ەوە).

چارەسەر بە قیستی دەریایی و زەیتی زەیتون:

٥٣ - رُوِيَ زَيْدُ بْنُ أَرْقَمَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (تَدَاوُوا مِنْ ذَاتِ الْجَنْبِ بِالْقِسْطِ الْبَحْرِيِّ وَالزَّيْتِ).
[إِسْنَادُهُ ضَعِيفٌ وَ يَأْتِي برقم ٥٦]

(١) (زەیدی کوڕی ئەرقەم) گوتی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموی: (نەخۆشی کەوتوویی -ئاڵۆ و ڕژێنەکان و کۆخە و کێموەوای سینگ و سپڵ- بە قیستی دەریا و زەیتی زەیتون چارەسەر بکەن).

٥٤ - رُوِيَ عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللهِ أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) دَخَلَ على عائِشَةَ وَعِنْدَهَا صَبِيٌّ يَسِيلُ مِنْخَرَاهُ دَمًا، فَقَالَ: (مَا هَذَا؟)، قَالوا: بِهِ الْعُذْرَةُ، قَالَ: (وَيْلَكُنَّ لَا تَقْتُلْنَ أَوْلَادَكُنَّ، أَيُّمَا امْرَأَةٍ أَصَابَ وَلَدَهَا الْعُذْرَةُ أَوْ وَجَعٌ فِي رَأْسِهِ فَلْتَأْخُذْ قِسْطًا هِنْدِيًّا فَلْتَحُكَّهُ بِمَاءٍ، ثُمَّ تُسْعِطْهُ بِهِ). قَالَ: فَأَمَرَتْ عَائِشَةُ فَصَنَعَتْ ذلِكَ بِهِ فَبَرَأَ.

هذا على شرط مسلم.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(٢) لە (جابری کوڕی عەبدوللا)وە، گوتی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) چووە لای (خاتوعائیشە) و منداڵێکی لە لا بوو خوێنی بە کونەلوتانیدا دەهاتە خوارێ، فەرموی: (ئەمە چیە؟!) گوتیان: لەوزەی هەستابوون-ئێمەش بۆمان تەقاندوون بۆیە خوێنی لێ دێ -، فەرموی: (وای لە دەست ئێوە!، منداڵەکانتان-بە پەنجە لە گەرو ڕۆکردن- مەکوژن، هەر ژنێک منداڵەکەی توشی ئاڵۆکەوتن یان سەرهێشەیەک بوو، با تەلاشێک لەقیستی هیندی بێنێ و لە ئاودا بیتوێنێتەوە و ئەمجا بە گەرویدا بکات-بە مە لەوزەکەی قەپات دەکات-). جا خاتوعائیشە فەرمانی بە دایکی کرد، ئەویش ئەمەی کرد و دواجار منداڵەکە چاک بۆوە.

چارەسەر بە داری هیندی:

٥٥ - رُوِيَ عَنْ عُبَيْدِ اللَّهِ، عَنْ أُمِّ قَيْسٍ ابْنَةِ مِحْصَنٍ، قَالَتْ: دَخَلْتُ بِابْنٍ لِي عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، وَقَدْ عَلَّقْتُ عَلَيْهِ مِنَ الْعُذْرَةِ، فَقَالَ: (عَلَامَ تَدْغَرْنَ أَوْلَادَكُمْ بِهَذَا الْعِلَاقِ؟ عَلَيْكُنَّ بِهَذَا الْعُودِ الْهِنْدِيِّ، فَإِنَّ فِيهِ سَبْعَةَ أَشْفِيَةٍ، يُسْعَطُ بِهِ مِنَ الْعُذْرَةِ، وَيُلَدُّ بِهِ مِنْ ذَاتِ الْجَنْبِ).

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) (ئەموقەیس) گوتی: لە گەڵ کوڕیژگێکی خۆم کە بە پەنجە ئاڵوم بۆ هەڵدابوونەوە چوومە خزمەت پێغەمبەری خودا (ﷺ)، جا فەرموی: (لە بەر چی بە پەنجە گەروی ڕۆڵەکانتان هەڵدەدەنەوە؟! وەسێت بێ ئەم دارەهیندیە بەکار بێنن" چونکە شیفای حەوت دەردی تێدایە، بۆ چارەسەری لەوزەتێن وەك دەرمان بە گەرودا دەکرێ و، کەسێکیشی پێ دەرمان دەکرێ کە بە هۆی هەوکردنی پەردەی سیەکانی تووشی کەوتوویی بووە).

چارەسەر بە(زەعفەران و زەیتی زەیتون):

٥٦ - رُوِيَ عَنْ زَيْدِ بْنِ أَرْقَمَ: أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ)كَانَ يَنْعَتُ الزَّيْتَ وَالوَرْسَ مِنْ ذَاتِ الجَنْبِ. قَالَ قَتَادَةُ: وَيُلَدُّ مِنَ الْجَانِبِ الَّذِي يَشْتَكِيهِ.
[إِسْنادُهُ ضَعيفٌ وانْظُرْ رَقَم ٥٣]

(١) لە (زەیدی کوڕی ئەرقەم)ەوە، گوتی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) زۆر مەدحی زەیتی زەیتون و وەڕس- زەعفەرانی هیندی یان زەردەچێوە- ی دەکرد کە بۆ چارەسەری نەخۆشی کەوتوویی کاریگەرن. (قەتادە) گوتی: دەرمانەکە دەخرێتە نێو دەمەوە و لەو لایە دادەنرێ کە ئازاری هەیە.

چارەسەر بە (سەنامەکی=چای سولّتان):

٥٧ - يروى عَنْ بِنْتِ عُمَيْسٍ، قَالَت: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (بِمَاذَا تَسْتَمْشِينَ؟) قَالَتْ: بِالسُّبْرُمِ، قال النبي (ﷺ):(حَارٌّ حَارٌّ) وقال: (أَيْنَ أَنْتِ مِنَ السَّنَا؟، فَلَوْ كَانَ فِي شَيْءٍ شِفَاءٌ مِنَ الْمَوْتِ لَكَانَ السَّنَا).
[هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ]

(١) لە (ئەسمای کچی عومەیس)ەوە، گوتی: پێغەمبەری خودا (ﷺ) فەرموی: (بە چ دەرمانێک قەبزی سک ناهێڵی و ڕەوانی دەکەی؟) گوتی: بە بەری ڕووەکی

(شـوبروم)-کـە بـە دەنکـە نـۆك دەچـێ و دەکولێنـدرێ و ئاوەکـەی تیـژە و دەرخـواردی بابـای قـەبز دەدرێ-، پێغەمبـەر(ﷺ) فـەرموی: (ئەمـە تیـژە، ئەمـە تیـژە! -نەکـەی بـە کـاری بێنـی-) فـەرموی: (پەیوەنـدیت لـە گـەڵ سـەنا-سەنامەکی=چـای سـوڵتان- چـۆنە؟، بزانـە! ئەگـەر شـتێك شـیفای تێـدا بووایـە بـۆ گێڕانـەوەی مـەرگ، ئـەوا سـەنا دەبوو).

٥٨ - وقال النَّبِيُّ (ﷺ): (عَلَيْكُمْ بِالسَّنَا وَالسَّنُّوتِ، فَإِنَّ فِيهِمَا شِفَاءً مِنْ كُلِّ دَاءٍ إِلَّا السَّامَ) قالوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، وَمَا السَّامُ؟ قَالَ: (الْمَوْتُ).
[صَحِيحٌ بِما قَبْلَهُ]

(٢) پێغەمبـەر(ﷺ) فـەرموی: (بـەر و گـەڵای سـەنامەکی و ڕازیانـە بـەکار بێـنن، چارەسـەری هـەموو دەردێکیـان تێدایـە جگـە لـە سـام). گوتیـان: ئـەی پێغەمبەری خوا (سام) چیە؟ فەرموی: (مەرگە).

چارەسەر بە خورمای(عەجوە):

٥٩ – قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (مَنْ تَصَبَّحَ بِسَبْعِ تَمَرَاتٍ عَجْوَةً لَمْ يَضُرَّهُ ذَلِكَ الْيَوْمَ سُمٌّ وَلَا سِحْرٌ).

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: (هەرکەسێك بەیانی لە خورێنی حەوت دەنك خورمای عەجوە بخوا، ئەوا ئەو ڕۆژە ژەهر و سیحر زیانی لێ نادەن).

دەماروەرگەڕان(ئینزیلاق):

٦٠ - عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (رضي الله عنه) أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) أَمَرَ الَّذِي بِهِ عِرْقُ النَّسَا أَنْ يَأْخُذَ إِلْيَةَ كَبْشٍ عَرَبِيٍّ لَيْسَ بِالصَغِيرِ وَلا بالكَبِيرِ فَيَقْطَعُهَا قَطْعًا صِغَارًا، ثُمَّ يُجَزِّئُهَا ثَلَاثَةَ أَجْزَاءٍ فَيَشْرَبُ كُلَّ يَوْمٍ جُزْءًا.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە (ئەنەسی کوڕی مالیك)ەوە، گوتی: پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی بەو کەسە کرد کە تووشی پشتهێشە و دەماروەرگەڕان(ئینزیلاق) ببوو، دونگی بەرانێکی عارەبی–دەشتەکی– نە بچوك نە گەورە بێنێ و کوت کوتی بکات، ئەمجا بیکا بە سێ بەشەوە و هەر ڕۆژە بەشێکی لێ بقرچێنێ و لە خورێنی بیخواتەوە.

دووڕەیەکی لەو شوێنانەی نەخۆشییان تێدا بڵاو بۆتەوە:

٦١ - عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ، أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) قالَ: (إِذَا سَمِعْتُمْ بِهِ بِأَرْضٍ فَلَا تَقْدَمُوا عَلَيْهِ، وَإِذَا وَقَعَ بِأَرْضٍ وَأَنْتُمْ بِهَا فَلَا تَخْرُجُوا فِرَارًا مِنْهُ). [هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە (عەبدوڕڕەحمانی کوڕی عەوف)ەوە، گوتی: پێغەمبەر (ﷺ)-دەربارەی خۆپاراستن لە درمەلێکگرەوەکان- فەرموی: (هەرکات بیستتان لە شوێنێك بڵاو بۆتەوە بۆی مەچن، ئەگەر لە شوێنێکیش بڵاو بۆوە ئێوەی تێدا بوون، ئەوا بە خاتری ڕاکردن لە بەری لێی دەرمەچن).

٦٢ - وقالَ النَّبِيُّ (ﷺ): (إِنَّ هَذَا الطَّاعُونَ رِجْزٌ وَبَقِيَّةُ عَذَابٍ عُذِّبَ بِهِ قَوْمٌ؛ فَإِذَا وَقَعَ بِأَرْضٍ وَأَنْتُمْ فِيهَا فَلَا تَخْرُجُوا مِنْهَا فِرَارًا مِنْهُ، وَإِذَا وَقَعَ بِأَرْضٍ وَلَسْتُمْ بِهَا فَلَا تَدْخُلُوهَا). [هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(٢) پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: (بێگومان ئەم تاعونە بەڵایەکە و پاشماوەی سزایەکە گەلێکی پێ سزا دراوە، ئەگەر لە شوێنێك بڵاو بۆوە ئێوەی تێدا بوون، ئەوا بە خاتری ڕاکردن لە بەری لێی دەرمەچن، ئەگەر لە شوێنێکیش بڵاو بۆوە ئێوەی لێ نەبوون، ئەوا بۆی مەچن).

٦٣ - قَالَ عَلَيْهِ الصَّلاةُ وَالسَّلامُ عَنِ الطَّاعُونِ: (أَنَّهُ كَانَ عَذَابًا يَبْعَثُهُ اللهُ عَلَى مَنْ يَشَاءُ، فَجَعَلَهُ اللهُ رَحْمَةً لِلْمُؤْمِنِينَ، فَلَيْسَ مِنْ عَبْدٍ وَقَعَ الطَّاعُونُ فِي بَلَدِهِ، فَيَمْكُثُ فِي بَلَدِهِ صَابِرًا مُحْتَسِبًا، يَعْلَمُ أَنَّهُ لَنْ يُصِيبَهُ إِلَّا مَا كَتَبَهُ اللهُ لَهُ، إِلَّا كَانَ لَهُ مِثْلُ أَجْرِ شَهِيدٍ).

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(٣) پێغەمبەر (ﷺ) دەربارەی تاعون فەرموی: (بێگومان ئەمە سزایەکە، خودا ویستی لە سەر چ گەلێك بێ دەینێرێتە سەری، جا خودا دەیکاتە مایەی ڕەحمەت بۆ باوەڕداران، جا هەر بەندەیەك تاعون لە ولاتەکەیدا بلاو بۆوە و تێیدا مایەوە و ئارامی گرت و پاداشتی ئەمەی لە خودا ویست و، باوەڕی وا بێ تووشی هیچ بەڵایەك نابێ مەگەر خودا لە چارەی نووسیبێ، ئەوا وێنەی پاداشتی شەهیدێك پاداشتی دەدرێتێ).

شۆربا(سوپ):

٦٤ - قَالَ عَلَيْهِ السَّلامُ: (التَّلْبِينَةُ مُجِمَّةٌ لِفُؤَادِ الْمَرِيضِ، تَذْهَبُ بَعْضَ الْحُزْنِ). [هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) پێغەمبەر (ﷺ) فەرموی: (شۆربا-ی ئاردی جۆ بە هەنگوین- گەدەی نەخۆش دەکاتەوە و بەهێز و چالاکی دەکات و، ئەو خەم و مەراقانەش ناهێڵێ کە بە هۆی نەخۆشیەکەیەوە بۆی دروست بوون).

شەتەکدانی سەر:

٦٥ - عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، قَالَ: صَعِدَ النَّبِيُّ (ﷺ) يَوْماً الْمِنْبَرَ، عَلَيْهِ مِلْحَفَةٌ مُوَشَّحًا، عَاصِبًا رَأْسَهُ بِعِصَابَةٍ دَسِمَةٍ، فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ، ثُمَّ قَالَ: (أَمَّا بَعْدُ، إِنَّ النَّاسَ يَكْثُرُونَ وَتَقِلُّ الأَنْصَارُ حَتَّى يَكُونُوا كَالْمِلْحِ فِي الطَّعَامِ، فَمَنْ وَلِيَ مِنْ أَمْرِكُمْ شَيْئًا فَلْيَقْبَلْ مِنْ مُحْسِنِهِمْ وَيَتَجَاوَزْ عَنْ مُسِيئِهِمْ).
[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە(ئیبنوعەباس)ەوە، گوتی: پێغەمبەر (ﷺ) جووە سەر مینبەر، ملپێچێکی ڕاست و چەپ لە شان و مل و سنگی هاڵاندبوو، سەری بە مێزەرێکی ڕەشی قەترانی پێچابوو، سوپاس و ستایشی خودای کرد و، ئەمجا فەرموی: (دوای ئەم سوپاس وستایشە دەڵێم: لەمەولا هەڵهی

موسڵمان زۆر دەبن و پشتیوانان لە چاو ئەوان کەم دەبن و تێڕا هون دەبن، تا لە کەمیانیان وەك خوێی نێو چێشتیان لێ دێ، جا ئەی کۆچەران! هەرکەسێکتان شتێك لە کاروبارتانی بەڕێوە برد، با چاکەی چاکەکاریان قبوڵ بکات و پاداشتی لە سەر بداتەوە و چاوپۆشی لە خراپەی خراپەکاریان بکات و لێی ببوورێت).

قمکردنی مێش لە چێشتی شلدا کاتێك کەوتە ناوی:

٦٦ - عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (إِذَا وَقَعَ الذُّبَابُ فِي إِنَاءِ أَحَدِكُمْ، فَإِنَّ فِي أَحَدِ جَنَاحَيْهِ دَاءً، وَفِي الْآخَرِ شِفَاءً، وَإِنَّهُ يَتَّقِي بِجَنَاحِهِ الَّذِي فِيهِ الدَّاءُ، فَلْيَغْمِسْهُ كُلَّهُ).

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە(ئەبوهوڕەیڕە)وە، گوتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (هەرکاتێك مێش کەوتە نێو قاپەچێشت-مەرەگە-ی یەکێکتانەوە، بێگومان بساڵێکی دەردی تێدایە و ئەوی دیکەش دەرمانی تێدایە، ئەو باڵەی دەکاتە قەڵغان و خۆی پێ دەپارێزێ کە دەردی تێدایە، کەواتە با بە ئەسپایی قمی بکات-و ئەمجا فڕێی بدا-).

چارەسەری خوێنبەربوون:

٦٧ - عَنْ أَبِي حَازِمٍ، أَنَّهُ سَمِعَ سَهْلَ بنَ سَعْدٍ وَهُوَ يُسْأَلُ عَنْ جُرْحِ رَسولِ اللهِ (ﷺ) قَالَ: أَمَا وَاللَّهِ إِنِّي لَأَعْرِفُ مَنْ كَانَ يَغْسِلُ جُرْحَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)، وَمَنْ كَانَ يَسْكُبُ، وَبِمَ دُوُوِيَ، قالَ:كَانَتْ فَاطِمَةُ بِنْتُ رَسولِ اللهِ (ﷺ) تَغْسِلُهُ، وَكَانَ عَلِيٌّ يَسْكُبُ الْمَاءَ بِالْمِجَنِّ، فَلَمَّا رَأَتْ فَاطِمَةُ أَنَّ الدَّمَ لَا يَزِيدُ إِلَّا كَثْرَةً، أَخَذَتْ قِطْعَةً مِنْ حَصِيرٍ فَأَحْرَقَتْهَا فَأَلْصَقَتْهَا، فَاسْتَمْسَكَ الدَّمُ.

أخرجاه جميعا عن قتيبة.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە(ئەبوحازم)ەوە، گوێی لە (سەهلی کوڕی سەعد) بوو دەربارەی برینەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) پرسیاری لێ کرا، لە وەڵامدا گوتی: بە خودا دەزانم کێ برینەکەی پێغەمبەری خوای (ﷺ) دەشتەوە و، کێ ئاوی بە سەردا دەکرد و، بە چ شتێك سارێژ دەکرا. گوتی: فاتیمەی کچی برینەکەی بۆ دەشتەوە و، عەلی هاوسەری بە مەتاڵ ئاوی پێدا دەکرد، کاتێك فاتیمە بۆی دەرکەوت خوێنەکە هەر ناوەستێ و زیاد دەکا، پارچە حەسیرێکی هێنا و سوتاندی و سوتووەکەی لە سەر دانا، ئیدی خوێنەکە وەستا.

له خەنەگرتنی زام:

٦٨ - قَالَتْ عَائِشَةُ رضي الله عنها : ما رَأَيْتُ رسولَ الله (ﷺ) شَكَى إليه أَحَدٌ قُرْحَةً ولا شَوْكَةً إلا وَأَمَرَهُ أَنْ يَضَعَ عَلَيْهِ الْحِنَّاءَ.[هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ]

(١) لە(خاتو عائیشە)وە، گوتی: پێغەمبەری خوام (ﷺ) نەدیوە، کەسێك سکالای برینێکی بەکێم و هەوا و ڕاگیراو بە هۆی زەبری شمشێر یان چەقۆ یان ڕمب یان دڕکێکی لە لا کردبێ و، فەرمانی پێ نەکردبێ گیراوەی خەنەی لە سەر دانەنێ.

زەریرە=وەج:

٦٩ - أخبرته عَنْ بَعْضِ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ (ﷺ)، أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) دَخَلَ عَلَيْهَا فَقَالَ: (أَعِنْدَكِ ذَرِيرَةٌ؟) قَالَتْ: نَعَمْ، فَدَعَا بِهَا فَوَضَعَهَا عَلَى بَثْرَةٍ بَيْنَ أُصْبُعَيْنِ مِنْ أَصَابِعِ رِجْلَيْهِ ثُمَّ قَالَ: (اللَّهُمَّ مُطْفِئَ الْكَبِيرِ وَمُكَبِّرَ الصَّغِيرِ أَطْفِهَا عَنِّي) فَطُفِئَتْ. [هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) یەك لە هاوسەرانی پێغەمبەر(ﷺ) باس دەکا کە ڕۆژێك پێغەمبەر(ﷺ) هاتە لای و، فەرموی: (ئەریێ پۆدرە یان مەڵحەم یان عەتری قامیشی زەریرەت لە لایە؟) گوتی: بەڵێ، جا داوای کرد بۆیان هێنا و بەسەر پۆڕگ یان برینێکی بە کێم و هەوایەوە وەرچاند کە لە نێوان دوو پەنجەی قاچی

دروست ببوو، ئەمجا فەرموی: (ئەی خودا! پوکێنەرەوەی گەورە، گەورەکەری بچوك، ئەم بلۆقە بە کێم و هەوایەم لە سەر بپوکێنەوە) جا پوکایەوە.

ڕێگری لە چارەسەرکردن بە مەی:

٧٠ - سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ)عَنِ الْخَمْرِ يُجْعَلُ فِي الدَّوَاءِ، فَقَالَ: (إِنَّهَا دَاءٌ لَيْسَتْ بِدَوَاءٍ). [هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەربارەی مەی پرسیاری لێ کرا کە بۆ دەرمان بە کار بهێنرێ، فەرموی: (ئەمە دەردە، نەك دەرمان).

ڕێگری لە چارەسەرکردن بە ژەهر:

٧١ - عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (مَنْ سَمَّ نَفْسَهُ فَسُمُّهُ فِي يَدِهِ يَتَحَسَّى بِهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا، وَمَنْ قَتَلَ نَفْسَهُ بِحَدِيدَةٍ فَحَدِيدَتُهُ فِي يَدِهِ يَتَوَجَّأُ بِهَا فِي بَطْنِهِ يَوْمَ القِيامَةِ خَالِدًا مُخَلَّدًا فِيهَا أَبَدًا) . [هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە(ئەبوهوڕەیڕە)وە، گوتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (هەرکەسێك خۆی ژارخواردو بکا ئەوا لە قیامەت لە نێو ئاگری دۆزەخدا بۆ هەمیشە بە نەمری دەمێنێتەوە و قاپە ژەهرەکەی بە دەستەوەیەو هەر

هـەڵی دەقۆڕێنـێ، هەرکەسـێك بـە ئاسـنێك خـۆی بکـوژێ، ئـەوا لـە قیامـەت لـە نێـو ئـاگری دۆزەخـدا بـۆ هەمیشـە بـە نـەمری دەمێنێتـەوە و ئاسـنەکەی بـە دەسـتەوەیە و هـەر لە ورگی خۆی ڕا دەکات).

ڕێگری کردن لە بەکارهێنانی بۆق بۆ دەرمان:

٧٢ - سُئِلَ النَّبِيُّ (ﷺ) عَنْ ضِفْدَعَةٍ، يَجْعَلُهَا فِي دَوَاءٍ فَنَهَى النَّبِيُّ عَنْ قَتْلِهَا.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) دەربـارەی بـۆق پرسـیاری لێ کرا کـە بـۆ دەرمـان بـە کـار بهێنـرێ، ئـەویش ڕێگری لـە کوشـتنی کرد.

بێزاندنی خواردنەوەی شڕوبی تریاق=دژەژەهر:

٧٣ - عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرٍو، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): (مَا أُبَالِي مَا أَتَيْتُ أَوْ مَا رَكِبْتُ، إِذَا عَلَّقْتُ تَمِيمَةً، أَوْ شَرِبْتُ تِرْيَاقًا، أَوْ قُلْتُ الشِّعْرَ مِنْ قِبَلِ نَفْسِي).

[إِسْنَادُهُ ضَعِيفٌ]

(١) لە(عەبدوللاّی کوڕی عەمڕو)وەوە، گوتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (کەواتە دەربارەی حەلاّل و حەرام و چاکە و خراپە بێ موبالاتم! ئەگەر بێم نوشتەوگشتەك هەڵبواسم، یان دەرمانی تریاق-ی دژەزاردار بە تایبەت کە بە مەی و کوتە مار و دووپشکە ئاوێتە کرابێ- بخۆمەوە، یان لەبەر خۆمەوە شێعر بڵێم!).

ڕەوێنەرەوەی خاووخلیسکی و شەکەتی:

٧٤ - عَنْ جَابِرٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ) خَرَجَ عَامَ الْفَتْحِ إِلَى مَكَّةَ فِي رَمَضَانَ، حَتَّى بَلَغَ كُرَاعَ الْغَمِيمِ، قَالَ: فَصَامَ النَّاسُ وَهُمْ مُشَاةٌ وَرُكْبَانٌ، فَقِيلَ لَهُ: إِنَّ النَّاسَ قَدْ شَقَّ عَلَيْهِمُ الصَّوْمُ، إِنَّمَا يَنْتَظِرُونَ مَا تَفْعَلُ أَنْتَ، فَدَعَا بِقَدَحٍ فَرَفَعَهُ إِلَيْهِ حَتَّى نَظَرَ النَّاسُ، وَصَامَ بَعْضٌ، فَقِيلَ لِلنَّبِيِّ (ﷺ): إِنَّ بَعْضَهُمْ صَائِمٌ، فَقَالَ: (أُولَئِكَ الْعُصَاةُ)، وَاجْتَمَعَ إِلَيْهِ الْمُشَاةُ مِنْ أَصْحَابِهِ، فَصَفُّوا إِلَيْهِ، يعني وَقَالُوا: نَتَعَرَّضُ لِدَعَوَاتِ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) وَقَدِ اشْتَدَّ السَّفَرُ، وَطَالَتِ الشُّقَّةُ، فَقَالَ لَهُمْ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (اسْتَعِينُوا بِالنَّسْلِ، فَإِنَّهُ يَقْطَعُ عَنْكُمُ الْأَرْضَ وَتَخِفُّونَ لَهُ)، قَالَ: فَفَعَلْنَا، فَخَفَفْنَا لَهُ. [هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە(جابر)ەوە، گوتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە ڕەمەزانی ساڵی فەتحدا بەرەو مەککە دەرچوو، ڕۆیشت تا گەیشتە دۆڵی(کوڕاعی غەمیم)، گوتی: جا خەڵك لە حاڵێکدا هەم پیادە بوون هەم سوار، هەموویان بە ڕۆژو بوون . پێی

گوترا: خەڵك ڕۆژووەکەیان لە سەر بە زەحمەت بووە، ئەوان چاوەڕێی جەنابت دەکەن چ دەکەی، جا داوای جامەئاوێکی کرد، -کە بۆیان هێنا- بەرزی کردەوە و بە بەرچاوی هەموو خەڵکەوە خواردیەوە، خەڵکیش بە گشتی چاویان لێ کرد و ڕۆژووەکەیان شکاند، بەڵام هەندێك نەیان شکاند و لە سەری بەردەوام بوون، هەواڵ بە پێغەمبەر (ﷺ) درا: هەندێك خەڵك هەر بەڕۆژوون، فەرموی: (ئا ئەوانە یاخین!)، هاوەڵانی پیادەی، خێرا لە دەورەی کۆ بوونەوە و پێزیان بەست و لەبەر خۆیانەوە گوتیان: خۆمان بەر نزاکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەدەین! نابینن چۆن ڕۆیشتنمان لەبەر گران بووە و ڕێیەکەمان لێ دوور و درێژ بۆتەوە! پێغەمبەری خوا (ﷺ) پێی فەرموون: (بۆ ئەمە یارمەتی لە خێراڕۆیشتن -جۆری گورگەلۆقە- وەربگرن، بەم چەشنە زەوی لە بەر پێتان دەکشێ و لە سەری سوك دەبن)، گوتی: چی فەرمو ئەوەمان کرد و، بەدەنمان سوك و چوست و چالاك بوو.

ڕێپێدرانی ژنان بۆ چارەسەری پیاوان:

٧٥ - عَنْ أُمِّ عَطِيَّةَ، قَالَتْ: غَزَوْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ)سَبْعَ غَزْوَاتٍ، أَخْلُفُهُمْ فِي رِحَالِهِمْ، وَأَصْنَعُ لَهُ الطَّعَامَ، وَأَجْبُرُ الْجِرَاحَاتِ، وَأُدَاوِي الْمَرْضَى.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە(ئوموعەتیە)وە، گوتی: لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (ﷺ) بەشداری حەوت غەزام کردووە، لای بارگەکانیان دەمامەوە و، خواردنم بۆ ئامادە دەکرد و، برین و شکاویم بۆ دەپێچان و، نەخۆشم دەرمان دەکردن.

خراپە بە پزیشك بگوترێ(تەبیب=چاکەرەوە):

٧٦ - عَنْ أَبِي رَمْثَةَ، قَالَ: دَخَلْتُ مَعَ أَبِي عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) فَرَأَى أَبِي الَّذِي بِظَهْرِهِ، فَقَالَ: دَعْنِي أُعَالِجُ الَّذِي بِظَهْرِكَ، فَإِنِّي طَبِّيبٌ، فَقَالَ:(أَنْتَ رَفِيقٌ، وَاللَّهُ الطَّبِيبُ).

هذا على شرط الصحيح، والله أعلم.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە(ئەبوڕەمسە)وە، گوتی: لە گەڵ باوکم چوومە خزمەت پێغەمبەری خوا (ﷺ)، باوکم ئەو شتەی بینی کە بە پشتیەوە بوو-کە بریتی بوو لە مۆری پێغەمبەرایەتی و وایزانی دومەڵ یان زیادەگۆشتە، بۆیە- گوتی: ڕێم بدە چارەسەری ئەو شتە بکەم کە بە پشتتەوەیە" چونکە من

تـــەبیبم، فـــەرموی: (تـــۆ وەســـیلەی و، خـــودا تـــەبیب و شیفابەخشە).

ئۆبالّداری کەسێك خۆی لە خەلّك دەکاتە پزیشك:

٧٧ - عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ جَدِّهِ، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (مَنْ تَطَبَّبَ وَلَمْ يَكُنْ بِالطِّبِّ مَعْرُوفًا فَأَصَابَ نَفْسًا فَمَا دُونَهَا فَهُوَ ضَامِنٌ).

[إِسْنادُهُ ضَعِيفٌ]

(١) لەعـــەمرووی کـــوڕی شـــوعەیب)ەوە، لـــە باوکیـــەوە، لـــە باپیریەوە، گوتی: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فـەرموی: (هەرکەسێك خۆی لـە خـەلّك بکـا بـە دکتـۆر و هیچـی لـە زانستی پزیشکی نـەدەزانی و-بە هەلّە چارەسـەری نەخۆشـانی کـرد و دەرەنجـام- کەسێکی کوشت یان کەمئەندامی کرد، ئەوە ئۆبالّدار دەبـێ و خوێنی دەکەوێتە سەر).

پاکوخاوێنی:

٧٨ - عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): (مَنْ نَامَ وَ فِي يَدِهِ غَمَرٌ، فَلَمْ يَغْسِلْهُ، فَأَصَابَهُ شَيْءٌ فَلَا يَلُومَنَّ إِلَّا نَفْسَهُ).[صَحِيحٌ]

(١) لە(ئەبوهوڕەیڕە)وە، گوتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (هەرکەسێك خەوت و چەوری و بەرماوەی خواردنی بە دەستەوە بوو و نەی شتبۆوە و، بە هۆیەوە تووشی زیانێك بوو، ئەوا -خۆینی خۆی لە سەر خۆی و- با لە خۆی زیاتر لۆمەی کەسی دی نەکات).

شەونوێژ دەرد لە جەستە دەردەکات:

٧٩ - عَنْ سَلْمَانَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): (عَلَيْكُمْ بِقِيَامِ اللَّيْلِ، فَإِنَّهُ دَأْبُ الصَّالِحِينَ قَبْلَكُمْ، وقُرْبَةٌ إِلَى اللهِ، وَمَكْفَرَةٌ لِلسَّيِّئَاتِ، وَمَنْهَاةٌ عَنِ الْإِثْمِ، وَمَطْرَدَةٌ لِلدَّاءِ مِنَ الْجَسَدِ). [مُحْتَمَلٌ لِلتَّحْسين دون قوله: وَمَطْرَدَةٌ...الخ]

(١)لە(سەلمان)ەوە، گوتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (پابەند بن بە شەونوێژەوە" چونکە خو و نەریتی پێشینانی چاك و پاکی بەر لە ئێوە بووە و، هۆکاری نزیکبوونەوەتانە لە خودا و، مایەی کەفارەتی گوناهەکانتانە و، ڕێگرێتان لێ دەکا تاوان بکەن و، دەرد و پیسی لە جەستەتان بە دەر دەنێ).

بەخشندە بە هۆی خێروخێراتیەوە لە لایەن خوداوە بەرگری لێ دەکرێ:

٨٠ - عَنْ أَنَسِ بنِ مالِكٍ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): (إِنَّ الصَّدَقَةَ لَتُطْفِئُ غَضَبَ الرَّبِّ وَتَدْفَعُ مِيتَةَ السُّوءِ).
[إِسْنادُهُ ضَعِيفٌ]

(١) لەئەنەسی کوڕی مالیک)ەوە، گوتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (بە دڵنیاییەوە خێر کردن و ماڵبەخشین تووڕەیی پەروەردگار دەنیشێنێتەوە و ڕێ لە مەرگی خراپ دەگرێ).

خراپی تێکەڵکردنی نەخۆش لە گەڵ ساغ:

٨١ - قالَ النَّبِيُّ (ﷺ): (لَا يُورِدُ الْمُمْرِضُ عَلَى الْمُصِحِّ).
[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) پێغەمبەری(ﷺ) فەرموی: (نابێ ڕەوەحوشتری دەردەدار بە سەر ڕەوەحوشتری ساغدا ببرێ).

هیچ شتێکی دەردەدار هیچ شتێکی دی تووش ناکا:

٨٢ - عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رضي الله عنه)، قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (ﷺ): (لَا عَدْوَى وَلَا صَفَرَ وَلَا هَامَةَ) قَالَ أَعْرَابِيٌّ: فَمَا بَالُ الْإِبِلِ تَكُونُ فِي الرَّمْلِ، كَأَنَّهَا الظِّبَاءُ؟ فَيُخَالِطُهَا الْبَعِيرُ الْأَجْرَبُ فَيَجْرِبُهَا، فَقَالَ عَلَيْهِ الصَّلَاة وَالسَّلَام: (فَمَنْ أَعْدَى الْأَوَّلَ؟!).

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە(ئەبوهورەیرە)وە، گوتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (نە گرتنەوە لە نەخۆش هەیە، نە مانگی صەفەر پێ بە شەڕ وپێ ڕەشە و، نە خوێندنی کوندەپەپوو لە ئاوەدانیەك نیشانەی کاولبونیەتی). لادێییەك گوتی: ئەدی حاڵی ئەو حوشترانە چۆنە لە نێو لم و لیتەی بیاباندا دەڵێی مامزن هێندە لوس و نازدارن؟! کاتێك وشتری گڕوێ تێکەڵیان دەبن گرۆییان دەکەن؟. جا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (ئەدی کامە یەکەمیانی توش کردووە؟!).

جووت بوون لە گەڵ ژنی منداڵەبەری شیردەر:

٨٣ - عَنْ جُدَامَةَ بِنْتِ وَهْبٍ الْأَسَدِيَّةِ، قَالَتْ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) يَقُولُ: (لَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ أَنْهَى عَنِ الْغِيلَةِ، حَتَّى ذَكَرْتُ أَنَّ فَارِسَ وَالرُّومَ يَفْعَلُونَ ذَلِكَ، فَلَا يَضُرُّ أَوْلَادَهُمْ).

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە(ئەبوهوڕەیڕە)وە، گوتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (لە ڕاستیدا بە نیاز بووم ڕێ لە سەرجێیی کردن لە گەڵ ژنی شیردەر بگرم، تا بیرم کردەوە کە فارس و ڕۆم لە گەڵ ئەوەدا ئەمە دەکەن بەڵام بەمە زیان بە ڕۆڵەکانیان ناگەیەنن).

دەروازەی سێیەم

(دوعا و ڕوقییەی شەرعی)

دەربارەی دوعا و ڕوقیەی شەرعی چ باس کراوە؟:

٨٤ - عَنْ جَابِرٍ قَالَ: كَانَ خَالِي مِنَ الْأَنْصَارِ يَرْقِي مِنَ الْحَيَّةِ، فَنَهَى رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) عَنِ الرُّقَى، فَأَتَاهُ خَالِي فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّكَ نَهَيْتَ عَنِ الرُّقَى، وَ كُنْتُ أَرْقِي مِنَ الْحَيَّةِ، قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): (أَعْرِضْهَا عَلَيَّ)، قَالَ: فَعَرَضْتُهَا، فَقَالَ: (لَا بَأْسَ بِهَذِهِ، هَذِهِ مِنَ الْمَوَاثِيقِ).

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە(جابر)ەوە، گوتی: خاڵم لە پشتیوانان بوو، نوشتەی مارپێوەدانی دەکرد، پێغەمبەری خواش (ﷺ)ڕێگری لە نوشتەکردن کرد، جا خاڵم هاتە خزمەتی و گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! جەنابت نوشتەت قەدەغە کردووە و، منیش تا ئێمڕۆ نوشتەی مارپێوەدانم کردووە، پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (نمونەی نوشتەکەتم بۆ بخە ڕوو)، گوتی: جا نیشانم دا، ئەمجا فەرموی: (ئەم جۆرە گرفتی نیە، ئەمە لە جۆری پەیمانەکانە-و ژاردارەکان لە گەیاندنی زیان ڕادەگرێ-).

هۆکاری قەدەغەکرانی نوشتە:

٨٥ - عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ جُبَيْرِ بْنِ نُفَيْرٍ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ عَوْفِ بْنِ مَالِكٍ، قَالَ: كُنَّا نَرْقِي فِي الْجَاهِلِيَّةِ، فَقُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ! كَيْفَ تَرَى فِي ذَلِكَ؟ فَقَالَ: (اعْرِضُوا عَلَيَّ رُقَاكُمْ، لَا بَأْسَ بِالرُّقَى مَا لَمْ يَكُنْ شِرْكًا).

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە(عەوفی کوڕی مالیک)ەوە، گوتی: ئێمە لە سەردەمی نەفامیدا نوشتەمان دەکردن، گوتمان ئەی پێغەمبەری خودا! ئەمە چۆن دەبینی و چ بڕیارێکی لە سەر دەدەی؟ فەرموی: (نوشتەکانتانم بۆ بخەنە ڕوو، ئەگەر نوشتە هاوبەشپەیداکردنی بۆ خودا تێدا نەبێ و واتایەکەی ڕوون بێ کێشەی نیە).

کاریگەری دوعا بە قەدەری خودایە:

٨٦ - عَنْ أَبِي خُزَامَةَ أَحَدُ بَنِي الْحَارِثِ بْنِ سَعْدِ بْنِ هَزِيمٍ أَنَّه حَدَّثَ، أَنَّ أَبَاهُ حَدَّثَهُ أَنَّهُ، قَالَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ): يَا رَسُولَ اللَّهِ! أَرَأَيْتَ دَوَاءً نَتَدَاوَى بِهِ، وَرُقًى نَسْتَرْقِيهَا، وَتُقًى نَتَّقِيهَا، هَلْ يَرُدُّ ذَلِكَ مِنْ قَدَرِ اللَّهِ مِنْ شَيْءٍ؟، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ): **(إِنَّهُ مِنْ قَدَرِ اللَّهِ)**.

[هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ]

(١) لە (ئەبوخوزامە)وە، باوکی بۆی گێڕاوەتەوە کە بە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ی گوتووە: ئەی پێغەمبەری خوا! ڕای خۆتمان پێ بفەرمو دەربارەی دەرمانێک دەردی خۆمانی پێ چارە دەکەین، دوعایەک لەسەر نەخۆشێکمانی دەخوێنین، خۆپارێزیەک دەیگرینە بەر، ئایا ئەمانە هیچ لە قەدەری خودا دەگێڕنەوە؟! پێغەمبەری خوا(ﷺ)فەرموی: (**ئەمانە**- دەرمان و دوعا و خۆپارێزی- **قەدەری خودان**).

دوعا لە بەرانبەر هەموو جانەوەرێکی ژاردار:

٨٧ - عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ الْأَسْوَدِ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ عَائِشَةَ: أَنَّ رَسُولَ اللهِ (ﷺ) رَخَّصَ فِي الرُّقْيَةِ مِنْ كُلِّ ذِي حُمَةٍ. [هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە (خاتوعائیشە)وە، گوتی: پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕێی بە خوێندنی دوعا و زیکر داوە و لە بەرانبەر هەموو جانەوەرێکی ژاردار-چ بۆ خۆپاراستن لێیان چ بۆ چارەسەری کەسێك پێیانەوە داوە-.

دوعا لە بەرانبەر چاوەزار و بە چاوەوەبوونی جن و، چاوەزار ڕاستە کە هەیە:

٨٨ - عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ، عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: (الْعَيْنُ حَقٌّ، وَلَوْ كَانَ شَيْءٌ يَسْبِقُ الْقَدَرَ لَسَبَقَتْهُ الْعَيْنُ، وَإِذَا اسْتُغْسِلْتُمْ فَاغْتَسِلُوا). [هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) لە (ئیبنوعەباس)ەوە، لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرموی: (چاوەزار ڕاستە کە هەیە و لێ دەدا، ئەگەر شتێك لە هۆکارەکانی لەنێوبردن هەبووایە بۆ ئەوە پێش قەدەری دابایەوە و بەسەریدا زاڵ بووایە، ئەوە بە دڵنیایی چاوەزار دەبوو، هەرکات خەڵکێك گومانیان بۆ دروست بوو کە بە چاوی ئێوە تووش بوون و داوای دەستنوێژەهەڵگرتنیان لێ کردن، بۆ ئەوە ئاوەکەی وەکو

دەرمـــان بخۆنـــەوە و خـــۆی پـــێ بشـــۆن، یەکســـەر دەستنوێژیان بۆ هەڵبگرن).

٨٩ - وَقَدْ جَاءَ آخَرُ عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ): (لَا شَيْءَ فِي الْهَامِ، وَالْعَيْنُ حَقٌّ، وَأَصْدَقُ الطِّيَرَةِ الْفَأْلُ). [هَذَا حَدِيثٌ ضَعِيفٌ بهذا التمام]

(٢) لـــە پێغەمبـــەرەوە(ﷺ) فـــەرموی: (هـــەچ شـــتێك دەربـارەی کوندەپـەپو گـوتراوە ڕاسـت نیـە و بـوونی نیـە، چـاوەزار ڕاسـتە کـە هەیـە و لێ دەدا، ڕاسـتترین پێشـبینی بـۆ ئاینـدە بریتیـە لـە گەشـبین بـوون بـە هـۆی بیسـتنی قسەیەکی خۆش یان بینینی شتێکی جوان).

٩٠ - عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ: أَنَّ النَّبِيَّ (ﷺ) رَأَى فِي بَيْتِهَا جَارِيَةً فِي وَجْهِهَا سَفْعَةٌ، فَقَالَ:(اسْتَرْقُوا لَهَا، فَإِنَّ بِهَا النَّظْرَةَ). [هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(٣) لە(ئوموسـەلەمە)وە، پێغەمبـەر(ﷺ) لـە مـاڵی ئـەودا کچـۆڵەیەك دەبینـێ پەڵەیـەکی ڕەش یـان زەرد یـان سـووری لـە دەموچـاودایە، جـا فـەرموی: (دوعـای چـاوەزاری بـۆ بکـەن" چونکە جن لە چاوی بردووە).

فەرمانکردن بە بابای چاوپیس دەستنوێژ هەڵ بگرێ:

٩١ - فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ):(عَلامَ يَقْتُلُ أَحَدُكُمْ أَخَاهُ؟! أَلا بَرَّكْتَ؟ إِنَّ الْعَيْنَ حَقٌّ تَوَضَّأْ لَهُ). فَتَوَضَّأَ لَهُ عَامِرُ بْنُ رَبِيعَةَ فَرَاحَ سَهْلٌ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) لَيْسَ بِهِ بَأْس.

[هَذَا حَدِيثٌ صَحِيحٌ]

(١) پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: (لە پێناوی چدا یەکێکتان براکەی دەکوژێ؟ بۆکە بینیت و پێی سەرسام بووی نەتگوت بارەکەڵات لێ بێ؟ بێگومان چاوەزار ڕاستە و کاریگەری خۆی هەیە، دەی خێرا دەستنوێژی بۆ هەڵ بگرە).

ئەو زیکرەی بۆ خۆپاراستن لە بەڵای کتوپڕ دەخوێنرێ:

٩٢ - عَنْ عُثْمَانَ بْنَ عَفَّانَ (رضي الله عنه) عَنِ النَّبِيِّ (ﷺ) قَالَ: (مَنْ قَالَ: بِاسْمِ اللهِ الَّذِي لَايَضُرُّ مَعَ اسْمِهِ شَيْءٌ، فِي الأَرْضِ وَلَا فِي السَّمَاءِ، وَهُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيم حِينَ يُصْبِحُ، لَمْ يفجأهُ فَجْأَةُ بَلَاءٍ حَتَّى يُمْسِي).

كذا رواه النسائي، والأحاديث المذكورة كلهم عن مسلم والبخاري.

[هَذَا حَدِيثٌ حَسَنٌ]

(١) لە (عوسمانی کوڕی عەفان)ەوە-خوا لێی ڕازی بێ-، لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) فەرموی: (هەرکەسێك بەیانی کردەوە بڵێ: (بیسمیللاهیللەزی لایەزوڕڕو مەعە ئیسمیهی شەیئون فیلئەڕزی وەلا فیسسەمائی وەهووەسسەمیعولعەلیم= بە ناوی ئەو خودایەی هیچ شتێك نە لە زەوی نە لە ئاسماندا لە گەڵ هێنانی ناوی ئەو زیان ناگەیەنێ، ئەوا هەتا ئێوارە دەکاتەوە هیچ بەڵایەکی لەناکاو غافڵگیری ناکا).

وَالْحَمْدُ لِلّٰهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، حَمْدَ الشَّاكِرِينَ.

ناوەڕۆک

پێشەکی وەرگێڕ:- ٥
کاری من لەم وەرگێڕانەدا: ٧
گوزەرێك بە ژیانی زانستیانەی دانەر: ٨
پێشەکی دانەر ١٣
دەروازەی یەکەم ١٤
(نەخۆشی و بەڵا گوناهسڕەوەکان) ١٤
خێر و بێر لەو شتەدایە خودا لە چارەی بەندەی خۆی نووسیوە ١٥
توندی بەڵا و تاقیکردنەوە لەسەر پێغەمبەران و بۆخواصوڵحاوان ١٨
تاقیکرانەوەی ئەیوب ٢٥
خۆشەویستی خودا بۆ کەسێك کاتێك کە تاقی دەکرێتەوە ٢٩
هەر ئازار یك بە بڕوادار بگات ئەوا گوناهەکانی دەسڕێتەوە ٣٠
ئەو ناخۆشیانەی تووشی بڕوادار دەبن بەهۆیەوە پلەی بەرز دەبێتەوە ٣١
نەخۆشی و تا دەبنە مایەی پاککردنەوە لە گوناهان..... ٣١
وێنەی باوەڕدار و وێنەی دووڕوو:..... ٣٣
هەرکەسێك لەسەر بەڵاومووصیبەت ئارام بگرێ بە پلە و پایەی ژیانی
هەمیشەیی قیامەت دەگات..... ٣٤
پاداشت لەسەر لە دەستدانی چاو..... ٣٧
پاداشتی کرداری چاك بۆ نەخۆش دەنووسێ کە بەر لە نەخۆشبوونی
دەیکردن ٣٩
پاداشتی خوێندنی زیکری: ﴿إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ﴾ ٤٠
دەروازەی دووەم: (پزیشکی) ٤٢
دەردو دەرمان بە قەدەری خودان ٤٣

هەر دەردێك دابەزێندرابێ دەرمانەکەشی دابەزێندراوە، جگە لە پیری..... ٤٤
هەموو دەردێك دەرمانی هەیە ٤٦
پارێز ٤٧
شیفا لە سێ شتدا هەیە ٤٧
هەنگوین ٤٨
دومەلان ٤٩
کل ٥٠
مەلحەمکردنی چاو بە(صەبیر-هێواش) ٥٠
ڕەشکە ٥١
کەلەشاخ گرتن ٥١
گرتنی کەلەشاخ لە سەر ٥٢
گرتنی کەلەشاخ لە سەر هەرتك لامل و نێوشان ٥٣
●گرتنی کەلەشاخ لە نێوان هەرتك شان ٥٣
گرتنی کەلەشاخ لە پشتی پێ ٥٤
کەلەشاخ گرتن بۆ ژنان ٥٤
لە چ ڕۆژێکدا کەلەشاخ گرتن سوننەتە ٥٥
داخ کردن ٥٦
دانانی بەردی گەرمکراو لە سەر شوێنی بە ئازار ٥٦
فەرمانکردن بە ساردکردنەوە و دابەزاندنی تا بە ئاوی سارد ٥٧
چارەسەر بە قیستی دەریایی و زەیتی زەیتون ٥٧
چارەسەر بە داری هیندی ٥٩
چارەسەر بە(زەعفەران و زەیتی زەیتون) ٦٠
چارەسەر بە (سەنامەکی-چای سولتان) ٦٠

چارەسەر بە خورمای(عەجوە) ٦٢
دەماروەرگەڕان(ئینزیلاق) ٦٢
دوورەپەرێزی لەو شوێنانەی نەخۆشییان تێدا بڵاو بۆتەوە ٦٣
●شۆربا(سوپ) ٦٥
شەتەکدانی سەر ٦٥
قمکردنی مێش لە چێشتی شلدا کاتێک کەوتە ناوی ٦٦
چارەسەری خوێنبەربوون ٦٧
لە خەنەگرتنی زام ٦٨
زەریرە-وەج ٦٨
ڕێگری لە چارەسەرکردن بە مەی ٦٩
ڕێگری لە چارەسەرکردن بە ژەهر ٦٩
ڕێگری کردن لە بەکارهێنانی بۆق بۆ دەرمان ٧٠
بێزاندنی خواردنەوەی شڕوبی تریاق-دژەژەهر ٧٠
پەوێنەرەوەی خاووخلیسکی و شەکەتی ٧١
ڕێبێدرانی ژنان بۆ چارەسەری پیاوان ٧٣
خراپە بە پزیشک بگوترێ(تەبیب-چاکەرەوە ٧٣
وبالّداری کەسێک خۆی لە خەڵک دەکاتە پزیشک ٧٤
پاکوخاوێنی ٧٥
شەونوێژ دەرد لە جەستە دەردەکات ٧٥
بەخشندە بە هۆی خێروخێراتیەوە لە لایەن خوداوە بەرگری لێ دەکرێ ... ٧٦
خراپی تێکەڵکردنی نەخۆش لە گەڵ ساغ ٧٦
هیچ شتێکی دەردەدار هیچ شتێکی دی تووش ناکا ٧٧
جووت بوون لە گەڵ ژنی منداڵەبەری شیردەر ٧٨

دەروازەی سێیەم ٧٩
(دوعا و ڕوقییەی شەرعی) ٧٩
دەربارەی دوعا و ڕوقیەی شەرعی چ باس کراوە؟: ٨٠
هۆکاری قەدەغەکرانی نوشتە: ٨١
کاریگەری دوعا بە قەدەری خودایە: ٨٢
دوعا لە بەرانبەر هەموو جانەوەرێکی ژاردار: ٨٣
دوعا لە بەرانبەر چاوەزار و بە چاوەوەبوونی جن ٨٣
فەرمانکردن بە بابای چاوپیس دەستنوێژ هەڵ بگرێ ٨٥
ئەو زیکرەی بۆ خۆپاراستن لە بەڵای کتوپڕ دەخوێنرێ ٨٥